باشترین هاوڕێ ١

# هاکا ئیسلام گەڕایەوە!

## توێژینەوەیەکی کورتە لەسەر داهاتووی ئیسلام

ئیکرام کەریم



چوارەم چاپ

بۆ دەستکەوتنی نوێترین ئەو
کتێبانەی دەکرێن بە pdf سەردانی
ئەم ماڵپەڕە بکە

www.kurdishbook.tk




هاکا ئیسلام گەڕایەوە

بسم الله الرحمن الرحیم

ناوی کتێب:  هاکا ئیسلام گەڕایەوە

بابەت: توێژینەوە

نووسینی: ئیکرام کریم

نەخشاندنی بەرگ: هەرێم عوسمان

نەخشاندنی نوسین: مەریوان احمد

چاپ: چاپخانەی تاران

نۆبەی چاپ:  چوارەم، ٢٠١٨.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی(١٧٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە.

# هاکا ئیسلام گەڕایەوە

(توێژینەوەیەکی کورتە دەربارەی داهاتووی ئیسلام)

نووسینی

ئیکرام کریم

## وتەیەك

بێنازی ئیسلام و خەمساردی زۆربەی بەناو خەمخۆرانی.. دوژمنایەتیەكی سەختی ئەهلی كوفرو ئەڵقە لەگوێكانیان لەوڵاتانی ئیسلامی، بێهیواییەكی زۆری لا دروست كردبووم لەگەڵ دڵگرانیو پەژارەدا!!

بۆ ئەوە سكاڵام بردە لای برای بەڕێزم كاك تۆفیق كەریم، كە ئەو كاتە (ساڵی ٢٠٠٩) بەرپرسی ڕۆژنامەی كۆمەڵ بوو، جەنابیان ناردمی بۆلای بانگخوازو ئەهلی قەڵەم بەڕێز مامۆستا ئیكرام كەریم.

پاش ئەوەی چومە خزمەتیانو دڵسۆزیو بێهیوایم عەرز كرد، داوای نوسینی كتێبێكم لێكرد كە باس لەداهاتوو بكات، وەك كتێبی ( مستقبل لهذا الدين)ی سەید قوتب. جەنابیشیان هەر ئەو كاتە بەڵێنیداو لەماوەیەكی كورتدا كتێبەكەی نوسی!!

پاشان بەندە (٥٠٠٠) دانەم لێ چاپ كردو بەدیاری بەخشیمەوە.. بەڵام داواكاری زۆری لەسەر بوو، بۆ ئەوە چاپی دووەمیش هەزاردانەم لێ چاپ كرد، بەڵام هەر خەڵك تامەزرۆی بوو! بۆیە (٥٠٠) دانەشم بەچاپی سێهەم گەیاند لەهەمان ساڵدا.

ئەم جارەش لەسەر داوای بانگخوازێكو بەهاوكاری خێر خوازێك بڕیاری چوارەم چاپماندا، خوا بیكاتە خزمەتێك بەدینەكەیو توێشووی قیامەتمان..

سەردار عبدالرحمن سعيد

پڕۆژەی باشترین هاوڕێ/ ٢٨/ ١٢/ ٢٠١٧

## بسم الله الرحمن الرحيم

﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ۝٨ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ۝٩﴾ **الصف:٨-٩.**

**واتە: (خەڵكانی كافرو موشریك) ئەیانەوێت نوری خوا (قورئان وئیسلام و ڕاستی حەزرەتی محمد) بە دەمميان بكوژێننەوە، خوای گەورەش ئەم نورەی خۆی تێرو تەواو ئەكات هەرچەندە خەڵكانی كافر پێشیان ناخۆش بێت * ئەوە ئەو خوایەیە كە پێغەمبەرەكەی خۆی هاوڕێ لەگەڵ هیدایەت و دینی ڕاستەقینەدا ناردووە بۆ ئەوەی سەریبخات بەسەر هەموو دینەكانی تردا هەرچەندە خەڵكانی موشریكیش پێیان ناخۆش بێت .**

- **ان الله زوى لى الارض فرأيت مشارقها و مغاربها و ان أمتي سيبلغ ملكها ما زوى لي منها. رواه مسلم. في الفتن و اشراط الساعة .**

**واتە: خوای گەورە زەوی بۆ خڕكردمەوە و پێچایەوە و ڕۆژهەڵاتەكان و ڕۆژئاواكانیم هەموو بینی، سەیر ئەكەم دەسەڵاتی ئوممەتەكەی من باڵ ئەكێشێ بەسەر هەموو ئەو شوێنانەدا كە بۆم پێچراوەتەوە .**

## پێشەكی

الحمد لله و كفى و سلام على عبده المصطفى و بعد...

كەسێكی خێرخواز هاتە لام و هەندێ باسی بێئومێد بوونی ئەم بەرە ئیسلامیەی ئێستای بۆ كردم، كە هیوایان بە كاركردن نەماوەو قەناعەتیان وایە ڕۆژی موسڵمانان بەرەو ئاوابوون ئەڕوات و دوژمنانی ئیسلام گەلە كۆمەیان كردووە لە ئیسلام و كزیان كردووە و هاكا ئەو نورەیان كوژاندەوە !

جا پێشنیاری ئەوەی كرد كە ئەم عەبدە هیچ لێنەهاتووە نامیلكەیەك بنووسێ لەسەر داهاتووی ئیسلام و كاری ئیسلامی كە لێوەی بە بەڵگەوە لاوانی ئیسلام بە تایبەتی ئومێدێكیان بۆ دروست ببێتەوە و هیوا بكرێتەوە بە بەریاندا.

منیش ناوی خوام لێ هێناو تێگەیشتم كە هۆی چییە زانا بەڕێزەكانی ئیسلام ناو بە ناو كتێبیان لەسەر (داهاتوی ئەم ئیسلام)ە نووسیوە، وەك عەللامە مەودودی لە نیوە كیشوەری هیندستاندا بە ناوی (المستقبل لهذا الدين) یان شەهید سید قطب بە هەمان ناونیشان، دیارە هۆكەی ئەوە بووە كە گەلەكۆمەكی دوژمنانی دین ورە بە زۆر كەس بەر ئەدات و پێویست ئەبێت كە بەو جۆرە نووسینانە ورە و وزە بكرێتەوە بە بەر خەڵكانی مسوڵماندا .

ڕاستیەكەشی هەروایە، بەرەی صەحابە لە مەككەدا لەگەڵ كۆمەڵی قوڕەیش بێ هیوا بوون تا پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون

(خەڵکانی پێش ئێوە ئەهێنران و چاڵیان بۆ هەڵدەکەندراو تەنیا سەریان بە دەرەوە ئەما پاشان مشارێکیان ئەهێناو ئەیانخستە سەر سەریان و ئەیانکردن بە دوو لەتەوە، یان شانەی ئاسنینیان ئەهێناو لەشیان دائەهێنان تا ئەیانگەیاندنە سەر ئێسقانەکانیان، ئەو شتانە وای لێ ئەکردن کە واز لە دینەکەیان بهێنن، سوێند بە خوا، خوای گەورە ئەم دینەی خۆی تێرو تەواو دەکات (دەسەلاّتی بۆ دروست ئەکات) بەو ڕادەیەی کە سوار لە صەنعاوە بڕوات بۆ حەزرەمەوت و لە خوا نەبێ لە کەس ناترسێ مەگەر ترسی گورگی هەبێت بۆ مەڕەکانی ... بەلاّم ئێوە پەلە دەکەن![1] لە ریوایەتێکی تردا ئەفەرمووێت (ئەوە کاتێک بوو کە موشریکەکان تەنگیان پێ هەڵچنیبوین)[2].

ئەم بێهیوا بوونە لە مەدینەشدا و پاش فەتحی مەککەش سەری کردە دڵی هەندێ کەس و لەوانە (عەدی کوڕی حاتەمی طە ي) کە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو (عەدی لەوانەیە ئەوە ڕێگەت لێ بگیرێ کە مسوڵمان نابی، سەیر ئەکەیت ئەوانەی کە شوێن ئەم دینە کەوتوون هەموو هەژارو بێنانین و عەرەبیش هەموو گەلە کۆمەکەیان کردووە لێمان ؟! عەدی ! دڵنیابە کە ئەم دینە سەردەکەوێ و خەڵکیش ئەوەندەی سەروەت و سامان دەستەدەکەوێت کە کەسێک نامێنێت

---

[1] البخاري (٦/٤٥٦) .

[2] رياض الصالحين ، ص ٤٧ .

خێری پێ بشێ و سەروەت و سامانی کیسراش دابەش ئەکرێ بەسەر خەڵکیداو ئەوەندەش ئاشتی ئەکەوێتە ناو خەڵکی ڕێبوار لە صەنعاوە بۆ حەزرە مەوت ئەڕوات کە لە خوا نەبێ ترسی لە کەسی تر نیە .

پاش مردنی پێغەمبەریش ﷺ خەڵکی بێئومێدی ڕووی تێ کردن کەچی خەلیفەیەکی ڕاشدی وەك ئەبو بەکر (ر.خ) توانی ئومێد بگێڕێتەوە بۆ خەڵکی و ئیسلام نەك نەکوژایەوە بەڵکو قەدی قایمتر بوو پاش شەڕەکانی هەڵگەڕاوەکان..

بە هەمان شێوەش لە هەر قۆناغێکدا خەڵکی هیوایان نەمابێ خوای گەورە هەر زوو ئومێدو هیوای داوەتەوە بە خەڵکی وەك ئەوەی لە سەردەمی هێرشەکانی تەتار و مەغۆلەکان ڕوویدا و پاش سێ ساڵ لەو هێرش و پەلامارانە تەتار و مەغۆلەکان هەموو موسڵمان بوون و کەوتنە گەشەدان بە ئیسلام نەك کوژاندنەوەی نووری ئیسلام!!!

لە هەڵمەتەکانی خاچ پەرستەکانیشدا خوای گەورە پاڵەوانێکی وەك صەلاحەدینی نارد کە توانی ئەو هێرشانە تێك بشکێنێ و ئیسلام قایمتر و مەحکەمتر لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و هەرواش بەردەوام ئیسلام لە هەستانەوە و بەرە و پێشچووندا ئەبێت تا ڕۆژی قیامەت دێت و ئەم دونیایە ڕادەگیرێت و ئەگاتە خاڵی کۆتایی .

ئامانجمان لەم نووسینە ئومێد دروستکردنەوە بوو بۆ ئەهلی ئیسلام لە کوردستانداو بە تایبەتی لاوەکانی، چونکە هەر ئەوان ئەتوانن در بە نائومێدی بدەن و چاو هەڵبڕن بۆ ئاسۆ و دوارۆژ.

لەم نووسینەدا پشتمان زیاتر بە وادەکانی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ قایمە دڵنیاییمان داوە بەوەی ئیسلام بەڕێوەیە و هاکا گەڕایەوە بە هەمان تەوژم و چێژو هێزی جارانیەوە .. دڵی خەڵکی تریشمان بەوە داوەتەوە کە ئاماژەی تری زۆر هەیە ئومێد ئەدات بەوەی داهاتووی ئیسلام ڕۆشنە و نزیکیشە وەك شالاوی موسلمانبونی خەڵکی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەوروپا بە تایبەتی کە خەریکە ئەبێتە دیاردەو ترسی دروستکردووە بۆ دونیاخۆرە دەستڕۆیشتووەکانی دونیا..

ئێمە ئەم باسەمان کورت کورتکردەوە لەم پێشەکیە و دە خاڵی تردا کە ناومان ناون بەڵگەکانی هاتنەوەی ئیسلام سەر لە نوێ بۆ ئەوەی ئاراستەی کۆمەڵگاکان بکات و ئەم ژیان و مرۆڤ و بوونەوەرە بەرەو کامڵبوون بەرێت.. ئەو بەڵگانە بریتین لە:

١- سەدەی بیستویەك سەردەمی ڕۆحانیات و گەشەی دینە.
٢- شارستانێتیەکان کاتی جێگۆڕکێکردنیان هاتووە.
٣- ئەزموونەکانی تر هەموو شکستیان خواردووە و بەدیل ئەخوازن.
٤- ئەزموونە ئیسلامیەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە لە دونیادا و خەڵك ئەیانخوازێت.

٥- خەڵکی هەموو تینوون بۆ ئیسلام و پێویستیان بە ڕێنماییەکانی هەیە .

٦- ڕاستی ئیسلام و موعجیزەکانی قورئان و حەدیس بەردەوام دەر ئەکەون .

٧- موسڵمان بوون بووەتە دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش و خەڵك بە شالأوێك بەرەو ئیسلام دێن .

٨- خوای گەورە خاوەنی ئەم دینەیە و بەردەوام برەوی ئەداتێ

٩- خوای گەورە وادە و مژدە ئەدات بە خەڵکی کە داهاتوو هی ئیسلامە .

١٠- پێغەمبەریش ﷺ هەمان مژدە ڕوونتر دووپات ئەکاتەوە .

داواکارم لە خوای گەورە ئەم نێت و کارەم لێ وەربگرێ، ئامانجی خۆی بپێکێ و دڵی خێر خوازو دڵسۆزانیشی پێ خۆش بکات و بەڵگە بێت بە دەست ئەوانەوە کە بە دڵ بڕوایان وایە کە ئیسلام زۆر نابا دێتەوە و جڵەوی کۆمەڵگاکان ئەگرێتەوە دەست و مرۆڤایەتی بۆ جارێکی تر ئەخاتەوە ئیسراحەت و دڵئارامی و خوای گەورەش ڕاست ئەفەرموێ لە قورئاندا .

﴿وَلَقَدۡ سَبَقَتۡ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمۡ لَهُمُ ٱلۡمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾﴾ الصافات: ١٧١-١٧٣.

اکرام کریم

هەڵەبجە: ٢٩ / ٦ / ٢٠٠٩

## یەکەم: سەدەی بیستویەک سەدەی ئاینە

زانایان بە سێ ڕێگە ئەوە ئەسەلمێنن کە ئەم سەدەیەی ئێستا تێیدا دەژین بەها ڕۆحیەکان نرخ پەیدا ئەکەن و خەڵکی زیاتر ڕوو لە دونیای ڕۆحانیەت ئەکەن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە نە پارەو پووڵ و نە پلە و پایە و نە ناوو شورەت و نە ژن و مناڵ هیچیان توانای تێر کردنی ئەم ئادەمیزادەیان نابێت و ئەوەی کە بتوانێ مرۆڤ بەرێ بەرە و کەماڵ و ئاسودەیی و ئۆخەیی پێ بکات تەنیا ڕۆحانیات و گەڕانەوەیە بۆ بەهاکانی ئەو دونیا سەیرەی ڕۆح.

ڕێگەی یەکەم:

زانایانی کۆمەڵناسی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە و بیست وبیستویەك بەم شێوەیەی خوارەوە ئەناسێنن و ئەڵێن:

- سەدەی حەڤدە: سەدەی عەقڵگرایی بووە، خەڵك بە دوای دەرهاویشتەکانی عەقڵدا گەڕاون و ئەوەی زانا عەقلانیەکان وتبێتیان خەڵك بە شوێندا ڕۆیشتوون .
- سەدەی هەژدە: سەدەی ڕۆشنگەری بووە و برەو بە ڕۆشنبیری و کەلتوری میللەتان دراوە و هەوڵدراوە ئەو کەلتورانە زیندوو بکرێنەوە و بخرێنە بەر دەستی خەڵکی .
- سەدەی نۆزدە: سەدەی ئیلحادو بێ دینی بوو، خەڵکی لە دین و بەها دینیەکان یاخی دەبوون و پێیان عەیب بوو کە باس

لە دین و كەلتوری دینی بكەن یان دیاردەی تەدەیونیان پێوە دەر بكەوێ .

- سەدەی بیستیش: سەدەی زانست و زانیاری بوو، زانست هەنگاوی گەورە گەورەی زۆری نا، سەردەمی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و شەڕی فەزا بوو .
- سەدەی بیستویەك: كە ئێستا تێیدا ئەژین و چەند ساڵێكی لێ ڕۆیشتووە بریتی ئەبێت لە سەدەی ڕۆحیات و گەڕانەوە بۆلای دین، چونكە بەها ڕۆحیەكان لای دین دەست ئەكەون و هەر دینە ئەتوانێ برەو بە ڕۆحانیات بدات .

(ئەندرێ مالۆری) كە فەیلەسوفێكی فەرەنسی یە ئەڵێت: (سەدەی بیست سەدەی زانست بوو، بەلاّم سەدەی بیست و یەك (ڕۆح) پەرە دەسێنێت)[1] .

دكتۆر صالح الیافعی لە كتێبی (المعجزة المتجددة في عصرنا الاسلام)دا لاپەڕە (٢٢٦)دا ئەڵێ (جۆن مۆرای) كە ئەندامی لیژنەی كاروباری دەرەوەی كۆنگرێسی ئەمەریكییە بە ویژدان و قەناعەتەوە ئەڵێ (من وا ئەزانم كە سەدەی بیست و یەك سەدەی ئاینی ئیسلام دەبێت و بەوەش ئاشتی و خزمەتگوزاری زیاتر باڵ بەسەر دونیادا ئەكێشێ) !!

---

[1] ژیانەوە ، ئەندازیار عوسمان ، ل ٥ .

<u>ڕێگەی دووەم:</u>

بەپێی زانستی (نۆدانە ئەنەژییەکە) ساڵی (٢٠٠٩) بە دواوە سەردەمی گەشەی دینی و ڕۆحی دەست پێ ئەکاتەوە .

ئەم زانستی (نۆ ئەنەرژی یە) بریتیە لە دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی نێوان توخمەسەرەکیەکانی بوونەوەر کە بریتین لە پێنج توخمی سەرەکی کە ئەمانەن (ئاگر، ئاو، گڵ، کانزا، درەخت) هەریەك لەم توخمانە لە درووستبوونی لەشی هەموو گیاندارێکدا ڕۆڵیان هەیەو کاریگەریشیان لەسەر ژیانی هەیە .. یانی: هەر مرۆڤێك توخمی ئاگر زاڵ بێت لە درووستبوونیدا ئەوە مرۆڤێکی ئازایە، سەخی یە، بۆ خۆی کەمتەرخەمە، لە تەنیا بوونەوە ئەترسێ، لە یەك کاتدا ئەتوانێ چەند کار ئەنجام بدات، بۆ هاوڕێو دەوروبەرەکانی ئەژی و بۆیان ئەسوتێ .. هتد.



بە پێی ئەم زانستە بوون هەمووی لەم بازنەدا ئەسوڕێتەوە:

- ئەم زانستە بڕوای وایە کە ئەم پێنج تووخمە (٩) وزە (ئەنەرژی) ئەدەنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

❖ ئاگر: یەك جۆر وزە و ئەنەرژی تێدایە کە ژمارە (٩)ی بۆ دانراوە .

❖ گڵ: سێ جۆر ئەنەرژی تێدایە کە گونجاوە لەگەڵ ڕەنگەکانیدا، واتە:

- گڵی سپی، ژمارە (٨)ی بۆ دانراوە .
- گڵی زەرد، ژمارە (٥)ی بۆ دانراوە .
- گڵی ڕەش، ژمارە (٢)ی بۆ دانراوە .

❖ کانزا: دوو جۆر ئەنەرژی لە کانزادا هەیە چونکە کانزاش خۆی دوو جۆرە:

- کانزای سپی، ژمارە (٦)ی بۆ دانراوە .
- کانزای سوور ژمارە (٧)ی بۆ دانراوە .

❖ ئاو: یەك جۆرە و یەك جۆریش ئەنەرژی تێدایە و ژمارە (١)ی بۆ دانراوە .

❖ درەخت: دوو جۆر ئەنەرژی لێوە دەر دەچێت چونکە خۆشی دوو جۆرە:

- نەونەمام (نەمامی تازە) کە ژمارە (٣)ی بۆ دانراوە .
- درەختی گەورە کە ژمارە (٤)ی بۆ دانراوە .

زانایانی ئەم زانستە بەهێڵکاری پەیوەندیەکانی ئەم توخمانە بەم شێوەیە دیاری دەکەن:




هێڵکاریەکە واتە:

- ئاگر باڵا دەستە بەسەر کانزادا . (ئەیانتوێنێتەوە) .
- گڵ باڵا دەستە بەسەر ئاودا . (قوتی ئەدات و ئەیگرێتە خۆی) .
- کانزا باڵا دەستە بەسەر درەختدا (ئەیبڕێتەوە و لەت و پەتی ئەکات) .
- ئاو باڵا دەستە بەسەر ئاگردا . (ئەیکوژێنێتەوە) .
- درەخت باڵادەستە بەسەر گڵ دا . (لە ناو سکیدا دەردەچێت و دێتە دەرەوە) .

زانایانی ئەم زاستە ئەڵێن: بە ساڵەکانی لە دایکبوونی هەر مرۆڤێکدا ئەتوانی بزانی کام توخمە زاڵە لە زاتی ئەومرۆڤەدا و بەو شێوەیەش ئەتوانی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا بزانی، یانی ئەگەر ویستت بزانی کەسێك لە ساڵی (١٩٦٥)دا لە دایك بووبێت چ

توخمێك تێیدا زاڵە ئەوە پێوویستە ئەم خشتەیەی خوارەوە لەبەر بکەی بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| ئاگر | ٩ | ١٩٦٤ |
| گڵی سپی | ٨ | ١٩٦٥ |
| کانزای سور | ٧ | ١٩٦٦ |
| کانزای سپی | ٦ | ١٩٦٧ |
| گڵی زەرد | ٥ | ١٩٦٨ |
| درەخت | ٤ | ١٩٦٩ |
| نەو نەمام | ٣ | ١٩٧٠ |
| گڵی ڕەش | ٢ | ١٩٧١ |
| ئاو | ١ | ١٩٧٢ |

جا هەر ساڵزادێکیان پێ وتی کامە توخم تێیدا زاڵە ئەوە ئەگەر لەو ساڵانە کەمتر بوو بەردەوام ژمارە (٩)ی بۆ زیاد ئەکرێ تا ئەگاتە یەکێك لەو ساڵانە وە ئەگەر لەو ساڵانەش زیاتر بوو ئەوە بەردەوام ژمارە (٩)ی لێ دەردەکرێ تا ئەگەیتە ساڵێك لەو ساڵانە .. بۆ نموونە: (ساڵزادی ١٩٧٥) لەبەر ئەوەی زیاترە لە ساڵزادەکانی خشتەکە دێین ژمارە (٩)ی لێ دەردەکەین ١٩٧٥ – ٩ = ١٩٦٤.

کەواتە ساڵزادی (١٩٧٥) توخمی (ئاگر) تێیدا زاڵە .

یان ساڵزادی (١٩٥٤) لەبەر ئەوەی لە ساڵزادەکانی خشتەکە کەمترە بۆ ئەوەی بیگەیەنینە یەکێك لە ساڵەکانی خشتەکە پێویستە بەردەوام ژمارە (٩)ی بۆ زیاد بکەین، واتە:

١٩٥٤ + ٩ = ١٩٦٣ .

١٩٦٣ + ٩ = ١٩٧٢ .

کەواتە ساڵزادی (١٩٥٤) توخمی (ئاو) تێیدا زاڵە .

بەم خشتەیە ئەزانی هەر نۆ ساڵ جارێك چ شتێك پەرە دەسێنێت و بەها پەیدا ئەکات و چ شتێك زاڵ ئەبێت و چ شتێك کز ئەبێت .

جا زانایانی ئەم زانستی (نۆ ئەنەرژی یە) وای بۆ دەچن کە پاش (٢٠٠٩) تا (٢٠١٨) ئەو نۆ ساڵە بەردەوام بەها ڕۆحیەکان نرخ پەیدا دەکەن و خەڵکی بەزۆری بەدوای خۆراکی ڕۆحیاندا ئەگەڕێن و خۆراکی ڕۆحیش گەوهەری ئایینە و هیچ ئایینێکی ئاسمانی خاڵی نیە لەو بەها ڕۆحیانە نەخوازەلا ئاینی ئیسلام کە دونیایەك ڕێنمایی و تەعلیماتی ڕۆحی تێدایە و هەر کەس بۆ کاتێکی کەمیش بێت هاوڕێیەتی ئەو بەها ڕۆحیانە بکات بۆی دەرئەکەوێت کە چەندە کەمەندکێش و خاوەن جازبیەتن .

كـە یـەكێكی وەكـو پیرەمێـرد ئەفـەرموێت لـە یـەكێك لـە موناجاتەكانیدا:

با وجود عەشقت پیاو ئەسوتێنیٚ
كەڵكی خواردن و خۆشی نامێنیٚ
قەیناكا ئیتر هیچی خۆش ناخۆم
تەنیا مەیلێكی خۆت بنێرە بۆم !

یان مەحوی دەڵێت:

بە خودا قەسەم لەگەڵ دڵی خاڵی لە سۆزی عیشق
تەكراری حەرفە بەس دەمی پڕ یا خودا خودا !

ئەم زانستە زانستێكی ورد و ئاڵۆزە و بە هیوای ئەوەین كە لە ساڵی تازەداو لە ناوەڕۆكی ڕۆژ ژمێری تیشكداو لەناو زنجیرە كتێبەكانی پڕۆژەی تیشكدا ڕوونكردنەوەی زیاتری لەسەر بدەین .

<u>ڕێگەی سێیەم:</u>

بـە پێـی حـەدیثیش ئـەم سـەدەی بیسـتویەكە سـەدەی ڕووناكبوونەوەی ڕۆح ئەبێت و بەها ئاینیەكان گەش دەبنەوە و لە كەلەوە سەر دەردێن و خەڵكی بە عەشقەوە ئامێزیان بۆ دەكەنەوە.. پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت (ان الله یبعث لهذه الامة علی رأس كل مائة سنة من یجدد لها امر دینها) .

واتە: خوای گەورە لە سەری هەموو سەد ساڵێکدا کەسانێك ئەنێرێت بە ناوی تازەگەر بۆ ئەوەی کاروباری ئەم دینە تازە بکاتەوە .

زانایان بیرو ڕایان وایە کە وشەی (مَن) کە پێی ئەوترێ (ئیسمی مەوصول) بۆ (تاك) و (کۆ)ش بەکار دێ، واتە ئەکرێ ئەو (تازە گەرە) تاکە شەخصێك بێت و ئەکرێ چەند کەسیش بن و چەند کۆمەڵیش بن[1].

واتە زانای وا هەیە فقهی ئیسلام تازە ئەکاتەوە، هی واش هەیە فقهی بانگەواز و هی واش هەیە فقهی نەوازل و هی واش هەیە فقهی سیاسەت و حوکم و هی واش هەیە فقهی جیهاد و شۆڕش کردن تازە ئەکاتەوە .

سەدەی حەڤدە یەکێکی وەکو صلاح الدین تازەگەر بوو سەدەی هەژدە جمال الدین و رشید رضاو محمدی کوڕی عبدالوهاب و سەردەمی نۆزدەش سەعیدی نورسی و ئیمامی بەنناو سەدەی بیستیش چەندانی وەك بن بازو عیثمین و نەدەوی و مەودودی تازەگەر بوون و ئەم سەدەی بیست و یەکەش چاوەڕوانی چەندانی وەك: قەرزاوی و فەتحولاّ گولن و.. کێ و کێ یە پەرچەمی تازەگەری

---

[1] یەکێك لەوانە دکتۆر یوسف القرضاوي یە ، سەیری (تأریخنا المفترى علية )ەکەی بکە کە پرۆژەی تیشك وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .

هەڵگرن و بەها ڕۆحیەکان و بەها دینیەکان گەش بکەنەوە و بە خەڵکیان بناسێننەوە .

کاتی ئەوەیە کە خوای گەورە منەت و فەزڵی خۆی بخاتە سەر شانی خەڵکانی ئیسلامدۆست و بیانکاتە (مجدد)ی ئەم سەدەی بیستویەکە و هەر واتزانی لە مناڵدانی ئیسلامەوە دەیان زانای دانا و بە توانا هاتنە مەیدانەکە و هەر یەکەیان چمکێکی کاری ئیسلامیان گرتە دەست و یەکێك پسپۆڕی پەیدا کرد لە (ناساندنی ئیسلامدا) و یەکێك پسپۆڕی پەیدا کرد لە (سەلماندنی ئیسلامدا) و یەکێکی تر لە (چەسپاندنی ئیسلامدا)، و بەڵگە نەویستیشە کە هێنانەوەی ئیسلام و سەلماندن و چەسپاندنی کارێکی هەمە لایەنەیە و پێویستی بە هەموو مسوڵمانێکە و کەسیش ناتوانێت بێ منەت بێت لە مسوڵمانانی تر .

* * *

## دووەم: شارستانێتیەکان کاتی جێگۆڕکێ کردنیان هاتووە

ئیمامی بەننا –بە ڕەحمەت بێت– ئەڵێت: (شارستانیەتیەکان هەمیشە لە ئەمسەر و ئەوسەر کردنی دونیادان، جارێ لە ڕۆژهەلاتدا درووست ئەبن و گەشە ئەکەن و ئەپوکێنەوە و جارێ لە ڕۆژئاوادا دروست ئەبن و گەشە دەکەن و ئەپوکێنەوە) .

شارستانێتی میصری پێش زاین لە ڕۆژهەلاتدا سەری هەڵدا و پوکایەوە و شارستانێتی ئیغریقی ڕۆژئاوایی دەستی پێ کرد و جارێکی تر شارستانێتی ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتەوە دەستی پێ کردەوە و دەورانی خۆی تەواو کرد و ماوەیەکە شارستانێتی ڕۆژئاوا لە گەشە و برەودایە و خەڵکی چاودێرو خوێندەوار پێشبینی ئەوە دەکەن ئەم شارستانێتیە لە کزبوون و کوژانەوەدایە و شارستانێتی ئیسلامی چانسی هەستانەوەی بۆ درووست بووە و هەکا سەر لە نوێ دەورانی ئەو شارستانیەتە دەستی پێ کردەوە بە شێوازێکی تری تازە .

- بیریار ماکنیل دەڵێت: (شارستانێتی خۆرئاوا لەم دوایانەدا وەکو وەحشێکی لێهاتورە، ئەوەندە دڕندە بووە پەلاماری هەموو مەعنەویاتێك ئەدات و هەموو بەها بەرزو بالاکان دەشکێنێ و ئێستا

چنگی ئالاّندووەتە ڕیخۆڵەكانی خۆی و لەوەدایە كە خۆی لەناو بەرێت[١].

- شبلنگیر فەیلەسوف و بیریاری ئەڵمانی ئەڵێت: (شارستانێتیەكان دەورانی فەلەكیان هەیە، لێرەدا ئاوا دەبێت لە شوێنێكی تر هەڵدێت، شارستانیەتێكی نوێ خەریكە هەڵدێت لە جوانترین شێوەدا كە ئەویش شارستانێتی ئیسلامە، كە گەورەترین توانای جیهانی ڕۆحی پاكی هەیە[٢].

- لە ڕۆژئاوادا چینێكی بەرفراوان لە ئەدیب و ڕۆشنبیران و فەیلەسوفەكان دروست بوون كە ئینتیمایان نەماوە بۆ هیچ شتێكی ڕۆژئاوا، فەیلەسوفێكی وەك (كولن ولسن) ناوی لێنابوون (بێ ئینتیماكان) یان "لامونتەمیەكان"، ئەم چینە خوێنەوارە لە ڕۆژئاوادا كە لە ولاّتانی (فەرەنساو بەریتانیاو نەرویج و سوید) بە زۆری هەن، كەسانێكن زۆر بێ ئومێدانەو ڕەشبینانە ئەڕوانن بۆ داهاتووی شارستانێتی ڕۆژئاوا و قەناعەتەكانی خۆیانیان دەربڕیوە بەوەی كە شارستانێتی ڕۆژئاوا زۆر نابا سەری خۆی ئەخوات، چونكە هۆكارەكانی تیاچوونی تێدا دروست بووە.

(شبنگلر) كتێبێكی سێ بەرگی نووسیوە بە ناوی (داڕوخانی شارستانێتی ڕۆژئاوا)و لەوێدا زۆر ڕاستی هەیە دانیان پێدا ئەنێت،

---

١ سەیری (ژیانەوە : ٣٤٨)و بەرەو ئیسلام ژمارە (٩) : ٧٢ی ئەندازیار عوسمان بكە .

٢ هەمان سەرچاوە.

بۆ نموونە ئەڵێ: (کە سەیری هەموو شارستانێتیەکانم ئەکرد و ورد ئەکۆڵیمەوە لێیان ، بۆم دەرئەکەوت هۆکارێکی هاوبەش لە نێوان گشتیاندا هەیە کە هۆیە بۆ داڕوخان و پوکانەوەیان)[1]

شبنگلر هۆیەکی سەیر باس ئەکات کە زەنگی ترسناکیە بۆ داڕوخانی ڕۆژئاوا، ئەڵێ: (ئەگەر ژن چووە دەرەوە و ماڵی بەجێهێشت و وازی لە ڕۆڵی خۆی هێنا وەك دایکێك، بۆ ئەوەی کار بکات و تێکەڵاوی پیاو بێت و کەوتە مونافەسە و پێشبڕکێ لە کارێکدا کە پیاوانی بۆ دروست کراوە و کاری ئەوانە، ئەمە بێگومان هۆکاری داڕوخان و ڕمانی شارستانیەتیەکانە)[2].

شایەنی باسە ئەوەشی وا دەکات کە قەناعەت بهێنین ئەم جارە سەرەی شارستانێتی ئیسلامیە بێتەوە سەر شانۆی ژیان ئەوەیە شەڕەکانی ئەم سەردەمە هەموو شەڕی ئاینین و بە ناوی ئاینەوە بەرپا ئەکرێن، بۆ نموونە شەڕ لە شیشان یان کۆسۆڤۆ یان لە فەلەستین و تەنانەت شەڕی بە ناو ئیرهابیش هەر شەڕێکی ئاینیەو کەس ئەوەی لە بیر نەچوەتەوە کە ساڵی(٢٠٠٢) جۆرج بۆش ڕایگەیاند ئەم شەڕەی ئەمەریکا لەگەڵ موسڵمانانی ئەفغانستان و عێراقدا شەڕی خاچ پەرستییە !!

---

[1] هەمان سەرچاوە .

[2] هەمان سەرچاوە .

## سێیەم: ئەزموونەكانی تر هەموو شكستیان هێناوەو بەدیل ئەخوازن

هەركەس چاوێكی خێراش بیَ بیگێڕێت بەسەر ئەو ئامارە زۆرانەدا كە باس لە پلانی دوژمنانی ئیسلام ئەكات كە دایاننناوە بۆ لە بنوبێخ دەرهێنانی ئیسلام و بڵاوكردنەوەی بیرو باوەڕە لادەرەكان ! ئەو كەسە زۆر بە ڕوونی بۆی دەردەكەوێت كە لە لایەك ئەو ئەزموونانە هەموو شكستیان هێناوە و لە لایەكی تریشەوە ئیسلامیش مومكین نیە لەناو ببرێت بۆ نموونە با سەیرێكی ئەم زانیاریانە بكەین .

- لە لێكۆڵینەوەیەكی زانكۆی ئەزهەردا دەردەكەوێت كە نزیكەی (٤٥) ئێستیگە بە (٢٨) زمان و لەهجەی جیاواز بەرنامەكانیان بۆ ناشرینكردنی ئیسلام بڵاو دەكەنەوە لە جیهاندا.. بۆ نموونە لە داتایەكدا دەركەوتووە كە دەنگی ئەمەریكاو بەریتانیاو مۆسكۆ لە (٧٣٪)ی دەنگو باسەكانیان ئەو بابەتانەن كە باس لە ئیرهاب و ناشرینكردنی وێنەی مسوڵمانان دەكەن .
- ژمارەی ڕێكخراوەكانی مژدە دەران زیاتر لە (٢٤٥٨٠) ڕێكخراوە كە نزیكەی (٢٠٧٠٠) ڕێخراویان لە ژێر پەردەی كاری تەندرووستی و فریاگوزاریدا كارەكانیان دەكەن و نزیكەی (٣٨٨٠٠) ڕێكخراویشیان سەر بەو پەیمانگایانەن كە بۆ لاهوت دانراون و كاریان تایبەتە بە تەبشیرەوە .

- ژمارەی پەیمانگاکانی مزدە دەران نزیکەی (٩٨٧٢٠) پەیمانگایە لە جیهاندا.
- ژمارەی مزدە دەرانی دەرەوەی ئەمەریکاو ئەوروپا کە تایبەت پڕ چەک کراون بۆ بە گاور کردنی خەڵك بریتین لە (٣٧٣٧٧٠٠).
- تا ساڵی (١٩٨٩) ژمارەی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوە هەفتانانەی بۆ بەگاور کردن دەرچوون گەیشتوونەتە (٢٢٧٠) گۆڤار و ژمارەی کتێبیش کە بۆ ئەم مەبەستە دانراون گەیشتوونەتە (٢٢١٠٠) پەڕاو.
- ژمارەی ئێستیگەو تەلەفزیۆنەکان کە بۆ بەگاور کردن دانراون و کار دەکەن (١٩٠٠) ئێستگەن.
- جولەکە بڕوایان وایە کە ئەبێ ڕۆژئاوا بدەن بە گژ ئیسلام و مسوڵمانداو ناشتوانن بگەنە ئەوەی کە ڕۆژئاوا بکەنە قەڵغان بۆ خۆیان و ئەم شەڕەی پێ بکەن کاتێك نەبێت ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ ئێشێکی گەورەی پێ نەگەیەنرێت بە ناوی ئیسلامەوە .. (نەتەنیاهۆ) کە ئێستا سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ئیسرائیلە لە ساڵی ١٩٨٦ دا کتێبێکی نووسی بە ناوی (الارهاب: کیف یمکن للغرب ان ینتصر) و لە ساڵی ١٩٩٦دا کتێبێکی بە ناوی (محاربة الارهاب) نووسی .. لەم کتێبەدا ئەڵێ: (ئیسلام بەردەوام هەڕەشەیە بۆ جوولەکە، وە بۆ نەهێشتنی ئیرهابی نێودەوڵەتی ئیسلامی، هەر ئەبێ ڕۆژئاوا بەشدار بکرێت لە ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەم جەنگەدا،

ڕۆژئاواش بەشداری ناكات مەگەر ئەمەریكا وەكو سەركردەی ئەو جەنگە بەشداری بكات، كە ئەویش دیارە بەشداری ناكات مەگەر ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیەكانی بكەونە بەر هێرشی ئیرهابیەكان)[١].

- برایەك گێڕایەوە كوڕەكەی كە لە پۆلی سێیەمی ناوەندییە ڕۆژێكی مانگی ٢٠٠٩/٥ لە بازاڕی كۆیەدا ئەبێت سەیارەیەكی مۆدێل بەرز لەبەردەمیدا ڕادەوەستێ و زەرفێك كتێبی پێ ئەدات بە دیاری، كە بردویەتیەوە بۆ ماڵەوە سەیری ئەكات چەند ئینجیلێكی بە كوردی كراوە لەگەڵ هەندێ كتێبی تری تەبشیریدا !!.(ئەمە لە كوردستان و لە شارێكی بچوكی وەك كۆیەدا، ئەی ئەبێ لە هەولێر و دهۆكدا چی بكرێت لەم خەمساردییەی ئەهلی ئیسلامدا).

ئەگەر پلانەكانی دوژمنانی ئیسلام بۆ لەناو بردنی ئیسلام چڕ بكەینەوە پێویستە بیكەینە پێنج مەیدان:

١. بەر كەنار كردنی ئیسلام و دوورخستنەوەی لە دەسەلأت تا نەتوانێ ئاڕاستەی كۆمەڵگاكان بكات .

٢. وروژاندنی سەدان و هەزاران گومان لە فیكری ئیسلامیدا تا لە لایەك نەتوانێ ئەفكار بداتە خەڵكی و لە لایەكیش ئەهلی ئیسلام سەرقاڵی ڕەدو ڕەدكاری بكات و وزەكانیان لەو كارەدا تەواو بكات .

٣. شێواندنی مێژووی ئیسلامی و تیشك خستنە سەر خاڵە لاوازەكان و وەسفكردنی دەستە و تاقمە یاخی و گومڕاكان تا ئەو

---

[١] گۆڤاری (الفتوى) ژمارە (١٠٦) ساڵی (٢٠٠٢) .

مێـژووە نەبێتـە سەرچـاوەی ئیلـهام و ئـەزموون و نەبێتـە مایـەی سەروەری و شانازی .

٤. دوورخســـتنەوەی ئیســـلام و ڕۆشـــنبیری ئیســـلامی لـــە بەرنامەکانی پەروەردەو فێرکردن، تا ڕەگ و ڕیشەی نەمێنێ لەناو دڵو مێشکی نەوەی نوێدا .

٥. پاکتاوکردنی جەستەیی موسڵمانان ئەوەندەی ئەکرێت، تا ڕێگە لە زیادبوونیان بگیرێت و بکرێنە کەمینەیەکی ژێر دەست لە وڵاتدا .

ئەگـەر بـە وردی لـە هەریـەك لـەو مەیدانانـەدا ئـەوەی دوژمنـانی ئیسلام کردویانە باسی بکەین سـەیرت لێ دێ خوێنـەری بەڕێز کە ئیسلام چۆن ماوە !! ئایا ئەو پلانانە لە دینێکی تر بکرایە ئێستا تۆزیشی مابوو ؟ بەڵام دیارە ئیسلام دینی خوایە و دەستی خوا لە پشـتیەوەیە و مـومکین نیـە هەوڵـە لاوازەکـانی بەشـەر بتـوانێ بیانکوژێنێتەوە ..

سەبارەت بە خاڵی یەکەم:

حاشا هـەڵناگرێ کە دوژمنـانی ئیسـلام هـەرگیز نایـەڵن ئیسلام بچێتە سـەر کورسی حـوکم و دەسـەڵاتی سیاسـی وڵاتـان ئاڕاسـتە بکات بۆ ئەوەش چەندین ڕێگەی مەشروع و نامەشروعیان گرتووەتە بەر .

- پشتیوانی كردن لەو حكومەت و دەوڵەتە دیكتاتۆر و سەركوتكەرانەی كە چوونەتە سەر ملی موسڵمانان وەك حكومەتی میصری، یان تونسی، یان جەزائیر یان لیبی یان سوری ... وە هەروەها .

هیشام قاسم كە مافناسێكی میصریە و خەلاتی كۆشكی سپی ئەمەریكای وەرگرتووە لە مافی مرۆڤدا ئەڵێت: جارێكیان سەرۆك بۆش پێی وتم: ئیخوان موسلمین بە توانا ترین هێزی سیاسین لە میصردا لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتیەی كە دەكرێن، باری ئابووری و گەندەڵی حكومەت وا دەكات كە خەڵكی لە هەڵبژاردنەكاندا دەنگیان پێ بدەن، بۆیە ئەمەریكا هەموو ساڵێك دوو ملیار دۆلار وەك یارمەتی ئەدات بە ولاتی میصر بۆ ئەوەی رێبگرێت لە هاتنە پێشەوەی ئیسلامیەكان و نەیەڵێت دەوڵەتێكی ئیسلامی دابمەزرێنێت[1] .

- برەودان بەو كتێب و نووسین و گروپانەی كە ئیسلام وا ئەناسێنن كە بریتیە لە دینێكی ڕۆحی ڕووت و ئەفكاری سیاسی و سیستمی حكومڕانی تێدا نیە و ئایین شتێكی موقەدەسە و نابێ تێكەڵ بە سیاسەت بكرێت كە شتێكی مودەننەسە !!

هەموو ڕۆشنبیرێك ئەوە ئەزانێ كە كتێبی (الاسلام و أصول الحكم)ی علی عبدالرازق، چ ڕەواج و برەوێكی بۆ درووست كرا لە

---

[1] المجتمع الكويتي ، عدد / ١٧٧٤ ، ٢٧ / ١٠ / ٢٠٠٧ .

میصرو لە ولآتانی تردا هەر لەبەر ئەوەی کە ئەیسەلمێنیٚ ئیسلام سیستمی حوکمی تێدا نیە و بریتیە لە کۆمەڵێك بەهای ڕۆحی و ئەخلاقی و ئاو بێنەو دەست بشۆ[١].

گرنگیدانی دوژمنان بە تاقمێکی سەرلێشێواوی وەك قادیانیەکان چیترە ئەوە نەبێت کە هەوڵی بەردەوامیان ئەوەیە کە بیسەلمێنن ئیسلام نە دەوڵەتی ئەویٚ و نە پێویستی بە جیهان هەیەو نە دروستە جیهادیش بەرپا بکرێت چونکە بە حسابی ئەوان میرزا غولآمی ڕێبەری و پێغەمبەر یان خوا گیانی عیسای کوڕی مەریەمی کردووە بە بەریدا و ناردوویەتی بۆ ئەوەی جیهاد حەرام بکات و ئیسلامێکی ڕۆحی و ئەخلاقی بناسێنیٚ بە خەڵکی و خەڵکی بۆ ئەوە بانگ بکات[٢].

– برەودان بەو ڕێکخراوو سەنتەرانەی کە گومان و دوودڵی یان هێرشی ڕۆشنبیری ئەکەنە سەر ئیسلام و موسڵمانان .

– برەودان و هاوکاریکردن و بەرگریکردن لەو ڕەوتە ناسیونالیستیانەی کە لە دونیای ئیسلامدا کار دەکەن بۆ ئەوەی بەردەوام بەدیلی ئامادەکراویان هەبێت بۆ ئەو حکومەتانەی کە

---

[١] لە کوردستانیشداو لەم ساڵانەی دوایشدا ئەو کتێبە گرنگی زۆری پیٚ ئەدرا لەناو ڕەوتە عەلمانیەکاندا و هاوژین ئەمین و کەسێکی تر بە هەندیٚ دەستکاریەوە وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .

[٢] توێژینەوەیەکی زانستی و بەڵگەدارمان لە (٥٠٠) لاپەڕەدا لەسەر ئەم قادیانیانە نووسیوە کە بە تەمان لە کوردستانیشدا گەرا دابنێن .

تەواو گەندەڵ ئەبن و میصداقیەتیان نامێنێ نەوەك ڕەوتێكی ئیسلامی ببێتە ئەلتەرناتیڤ و دەنگە ناڕەزاییەکان بەرێت بۆ خۆی و بەو شێوەیە سەنتەرەکانی دەسەلات بگرێتە دەستی و ئاراستەی کۆمەڵگە بکەن بە دین .

ئەم خاڵە زۆر بە زەقی لە هەموو پارچەکانی ولاتانی ئیسلامیدا دەردەکەوێت، تەنانەت لە کوردستانی خۆماندا، و زۆر کەس لە چاودێران هاتنەمەیدانی لیستی گۆڕان بەو کتوپڕیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەزانن کە دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا دروستی کردووە کە ئەگەر وانەبوایە دەنگە ناڕەزاییەکان هەموو بە ئیسفەنجی ڕەوتە ئیسلامیەکان ئەمژران و ئەبوونە ڕەسید بۆ ئەوان و گۆڕانەکە لە شێوازێکی تردا ئەبوو .

سەبارەت بە خاڵی دووەم:

جێگەی گومان نیە کە دوژمنانی ئیسلام وەك تفیبنەوە دەمی یەکتری ناو بە ناو کۆمەڵێك گومان و شوبهاتی زۆر ئەخەنە ناو ڕۆشنبیران و خامە بەدەستانی جیهانی ئیسلامی لە هەموو هەرێمەکاندا،هەندێ باسوخواست ئەخەنە ناو خەڵکی گوایە ئیسلام یان قسەی لەو مەسەلانەدا نەکردووە، یان قسەی زانستی نەکردووە یان قسەی خراپی کردووە وەك:

مەسەلەکانی ژن، مەسەلەی ئازادیەکان، مەسەلەی حوکمڕانی، مەسەلەکانی ئەدەب، هونەر، زانستە تازەکان، مەسەلەی نیشتمان

پەروەری، شۆڕش، سیاسەت، کەمە نەتەوەیەکان، دەستبڕین، ڕەجمکردن، پێکەوە ژیان، جیهادو قیتال، کۆیلە ... هتد .

ناحەزانی ئیسلام کە ئەو هەمووە گومان و شوبهانە ئەورووژێنن مەبەستیانە بەو بەردە دوو نیشانە بپێکن: یەکەمیان ئیسلام ناشرین بکەن و فیکری ئیسلامی بشێوێنن تا نەتوانێ ئەفکار بداتە کۆمەڵگەکانی، دووهەمیان موسڵمانان و خوێندەوار و زاناکانیان سەرقاڵ بکەن بە ڕەد و ڕەدکاریەوە و کاتی ئەوەیان نەمێنێ بەدەستەوە کە پەروەردەی کۆمەڵگاکانیان بکەن و ئاڕاستەیان بکەن بەرەو داهاتوو، کاتی ئەوەیان نەمێنێ کە پرۆژەی ئیسلامی بدەنە ڕەوتە ئیسلامیەکان و چاکسازی ناوخۆی بکەن و سەنگەرە لە دەستچووەکانیان وەربگرنەوە و بەرە و یەکبوون و هێزو پێز بچنەوە.

بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی (بە ئیسلام کردنی کورد) یان (ژن و سێکس و شەرع) یان (جەهالەتی ئیسلام) یان (قورئان زادەی سەردەمی خۆیەتی) ...هتد لەناو کوردستاندا چیترن ئەوە نەبێت بیانەوێ ڕۆشنبیرە مسوڵمانەکان سەرقاڵ بکەن و ڕێگەی ئەوەش بگرن لە ئیسلام کە ئەفکاری جۆرا و جۆری ورد بداتە خەڵکی و سەرنجیان ڕابکێشێ بەلای خۆیدا !

سەبارەت بە خاڵی سێیەمیش:

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە یەکێك لەو مەیدانانەی کە بەردەوام هێرشی دوژمنانی لە سەرەو بۆ ساتێکیش ئەو شەڕانەیان ڕانەگرتووە لەو مەیدانەدا بریتیە لە مەیدانی مێژووی ئیسلامی. هێرش ئەکەنە سەر فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ گوایە لە ژیانی خۆیدا نە نوسراونەتەوە و نووسینەوەیان دوا کەوتووە و ئەوەش گومانی ئەوەی تێدا دروست ئەکات کە متمانەیان پێ نەکرێت !!

هێرش ئەکەنە سەر مێژووی خەلیفەکانی ڕاشدین و وای وێنا ئەگرن کە لەسەر کورسی خیلافەت شەڕو هەرایان بوە و پاشقولیان لە یەکتری گرتووە و لەو پێناوەشدا چەندین خوێنیان ڕژاندووە.

هێرش دەکەنە سەر سەردەمی بەنیئومەیە و مێژووی ئەو سەدەیە[1] بە مێژووی خوێن و داگیرکاری و سەرکوتکردنی نەیارو ڕاپەڕینەکانی خەڵك ئەدەنە قەڵەم .. هەر بەوەوە ناوەستێ و هێرش ئەکەنە سەر خیلافەتی عەبباسی و مێژووی زیاد لە پێنجسەدساڵ چڕ ئەکەن و دەیان ناو و ناتۆرە ئەخەنە شوێن خەلیفەکانی عەبباسی و زانایانی ئەو سەردەمانە و چاو لە هەموو ئەو سەروەریانە ئەنوقێنن کە تۆمار کراون لەو سەردەمانەدا.

---

[1] بەنی ئومەییە نزیکەی سەدەیەك دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامیان لە دەستدا بوو، موعاویەی کوڕی ئەبو سفیان لە ساڵی (٤١)ی کۆچیدا بوو بە خەلیفە ودەوڵەتی ئەمەوی تا مەروانی دووەم بەردەوام بوو کە ساڵی (١٣٢)ی کۆچی وەفاتی کرد ، دروست (٩٠)ساڵ و هەشت مانگ حوکمیان کرد .

هەر بەوەوە ناوەستن مێژووی دەوڵەتی سەلجوقی و ئەیوبی و عوسمانیش ئەشێوێنن و بە دەسەڵاتێکی داگیر کارو ستەمکار ناوزەندی ئەکەن، ئەمانە وای کردووە لە پیاوێکی وەك ئەنوەر لجوندی بە ڕەحمەت بێت کە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو شێواندنانە چەندین مەوسوعەی گەورە بنووسێت لە مێژووی کۆن و تازەدا، یان زانایەکی گەنجی وەك علی محمد الصلابی مێژووی خەلیفەکانی ڕاشدین و بەنی ئومەییەو بەنی عەبباس و سەلجوقیەکان و ئەمەویەکان و عوسمانیەکان وەك خۆیان ... هەر یەکەیان بە چەند بەرگ کتێب بنووسێتەوە و هەموو ئەو شێواندنو لادانانە ڕاست بکاتەوە .

لە کوردستانیشدا بە تایبەت هێرشی بێویژدانانەی زۆر ئەکرێتە سەر مێژووی ئیسلامی، تەرجەمەی ئەو کتێبە عەرەبی و فارسیانە ئەکرێت کە شێواندن لە مێژووی ئیسلامدا دروست دەکەن، کتێبەکانی (ئیسلامناسی) و (کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا) و (مێژووی ئەشکەنجە لە ئیسلامدا) و (خوێننامە) چەند نموونەیەکن بۆ ئەو هەولانە .

ئەنوەرلجوندی بە ڕەحمەت بێت ئەڵێ: بێویژدانی ناحەزانی ئیسلام لەوەدایە کە لەو مێژووە درێژەی ئیسلام تەنیا خاڵە ڕەشەکان باس ئەکەن و خاڵە گەشەکان ئەکەن بە ژێر خۆڵەوە، تەنیا مێژووی سیاسی ئیسلام باس ئەکەن ئیتر مێژووی زانست و شارستانیەت و مێژووی ئازاد کردنی میللەتان و مێژووی ئاوەدانی

و دروستكردنی شارو وڵاتان .. ئەوانە بە قەسدی باس ناكەن تا كەس شانازی بەو مێژووەوە نەكات و دان بە سەروەریەكانیدا نەنێت .

سەبارەت بە خاڵی چوارەمیش:

ئاشكرایە كە دوژمنانی ئیسلام یەكێك لەو شتانەی زۆر لێی ئەترسن ئەوەیە ئیسلام تێكەڵ بە بەرنامەكانی خوێندن بكرێت و ئیسلام وەك (شەریعەت) و (عەقیدە) وەربگیرێت، لۆرد كرۆمەر لە سەردەمی ناپلیۆندا كە حاكمی ڕاستەقینەی میصر بوو، هات قەشە (دانلوب)ی كردە ڕاوێژكاری وەزارەتی مەعاریفی میصر، جا ئەم دوانە هاتن دەستیان خستە ناو بەرنامەكانی خوێندن و تەنانەت دەستیان كردە گۆڕینی بەرنامەكانی زانكۆی ئەزهەریش و بڕیاریان دا كە ئەبێت بەرنامەكانی خوێندنی ڕۆژئاوا قبووڵ بكەن‌و زانستە ئاینیەكان بخەنە لاوە و گرنگی لاوەكیان پێ بدرێت .

لە لایەكی تریشەوە كەوتنە كردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگاو زانكۆی مەدەنی و خۆیان بە ئارەزووی خۆیان پڕۆگرامیان بۆ دائەڕشتن و زمانی ئینگلیزیان كردە زمانی خوێندن و گرنگی گەورەی پێ ئەدرا و وانەی ئاین كرا بە وانەیەكی لاوەكی و خرایە ڕۆژەكانی دواوەی هەفتەو شتانێكیشی تێدا ئەخوێنرا كە تەنیا چەند ڕووكەشێكی ئاینی بوون نەك جەوهەری ئاین.. پاشان دەرچووی زانكۆو پەیمانگا ئاینیەكانیان بەركەنار ئەخست و بە

مووچـەیەکی زۆر کـەم دایـان ئەمەزرانـدن لـە کاتێـکـدا دەرچووی ڕشتەکانی تریان بە مووچەیەکی زۆر دائەمەزراند و کاریگیان کرد خەڵکی وای لێهاتبوو بە شانازیەوە ئەیوت: فلانـە کوڕم چووەتە کۆلیژی یاساو ئەویانم ئەندازیاری و بە شەرمێکەوە ئەیوت بەڵام فلانمان چووەتە ئەزهەر یان کۆلیژی شەریعەت !!

تـا ئـەمڕۆش ئـەم خاڵـە گـەورەترین خولیـای هێزێکـی دەستڕۆیشتووی وەك ئەمەریکایـە کـە داوا لـە سـعودیە ئـەکات بەرنامەکانی خوێندنی بگۆڕێ ! زۆر ئەکات لە پاکستان قوتابخانە ئاینیەکانی ئەوێ دابخات و بەرنامەکانیان دەستکاری بکات، لە کوردستانیشـدا خولیـای گـەورە ئەوەیـە بەرنامـەی تـازە بداتـە خوێنـدکاران و وانـەی ئـاین نـە (عەقیـدە)ی تێـدا بێـت، نـە سیستەمەکانی (شەریعە)یش باس بکاتو !! هەرکەسیش کەمترین سەرنج بدات لەوانەکانی ئاین لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا وەك بەرنامەی بڕیاربۆدراو و وەك مامۆستا و گرنگی پێ دانیش، بۆی دەرئەکەوێ کە لە ڕاستیدا ئاین پشتگوێ خراوە و ئەو کارەش بە بەرنامە ئەکرێت نەك هەروا شتێکی هەڕەمە بێت .

ئەمـەریکا بـە یـەکجار حـەفتاو پێـنج ملیـۆن دۆلاری بەخشـیە (سەنتەری بەرەو پێش بردنی بەرنامەکان – مرکز تطویر المناهج) لە میصردا بۆ ئەوەی کاری گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن بکات لەو وڵاتەدا . ئەم (مرکز تطویر المناهج)ە لە میصردا چەندین گەورە ڕاوێژکاری ئەمەریکی تێیدا کار دەکەن و میصریەکان فێری ئەو

شـێواندن و دەسـتکاری کردنانـە ئەکـەن وەك (جیرادفـیرس، بـیتر تریمـان، جـوان کـبرود، لیزالمـبرت، کارولینـا) کـە دکتـۆرێکی وەك (کوثر کوجك) سەرۆکایەتی ئەو کارە دەکات[1].

ترسی ناحەزانی ئیسلام لە بەرنامەکانی پەروەردەیی و فێرکردن لە ئیسلامدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ناخەوە لەوە حاڵی بوون کە هـەر کەسـێك دەسـتی ئـەم ئیسـلامەی پـێ گەیشـت –زۆر سـەیرە– کودەتایـەکی نـەوعی لـە زات و دەروونیـدا دروسـت دەکـات، لـە کەسێکی بێکەڵکەوە ئەیکاتە کەسێکی بەکەڵك، لە کەسێکی تووڕە و کەلەشەقەوە ئەیکاتە کەسێکی دڵ نەرم و خاوەن سۆز، لە کەسـێکی ناکاریگەرەوە ئەیکاتە کەسێکی کاریگەر و بانگخواز بۆ دینەکەی .. ئیسـلام وا لـە شـوێنکەوتووەکانی ئـەکات –بـە دەلیـل و مـەنطیـق– خۆیـان بە خـەڵکێکی پێویست بزانن بۆ ڕزگـار کردنـی بەشـەریەت، خەڵکی تر بە خەسارۆمەند بزانـێ کە دژایەتی ئیسلام ئەکات یـان دوورە لێی و باوەشی بۆ ناکاتەوە .

ئەمـەریکا و بـە دوایـدا هـەموو دەستڕۆیشـتووەکانی دونیـا نایانەوێ توێژینەوە لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ بچێتە ناو بەرنامەکانی خوێندن بە تایبەتی (غـەزاکانی)، نایانـەوێ بنـەماکانی عەقیـدەی ئیسـلامی بچـێتە نـاو بەرنامـەکانی خوێنـدن بـە تایبـەتی وەلائـو بەرائەکـەی، نایانـەوێ بنـەماکانی سیسـتەمی ئیسـلامی بچـێتە نـاو

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر سەیری (بەهاری دڵان/ ئەندازیار عوسمان، ل ٣٨ بەدواوە بکە.

بەرنامــەکانی خوێنــدن بــە تایبــەتی سیســتەمە سیاســییەکەی .. ئەیانەوێ ئەوەندە لە ئیسلام بچێتە ناو بەرنامەکانی خوێندن کە ئیسلام وا بناسێنێ دینێکی ڕۆحی و ڕەوشتیە و کاری ئەوەیە مرۆڤ فێری چەند ڕەوشتێکی فەردی بکات و پەیوەندی بە ئاسمانەوە . وەك پێویستیەکی ڕۆحی . بۆ دروست بکات و ئیتر دین بۆ خوایەو دونیاش بۆ خەڵکی "الدین لله و الوطن للجمیع" ئەو کلتورەیە کە هەمیشە داگیرکەران بنوبێخی بۆ دروست ئەکەن و ئەیانەوێ ئیسلامی پێ بکەنە کون و پەراوێزی بخەن لە ژیاندا .

سەبارەت بە خاڵی پێنجەمیش:

هەرکەس کەمترین زانیاری هەبێت لەسەر دڵڕەقی و بێویژدانی ناحەزانی ئیسلام چ لە مێژووداو چ لە ئێستاشدا بۆی دەردەکەوێ کە هیچ کات دوژمنانی ئەم دینە سڵیان لەوە نەکردووەتەوە کە ئەگەر ئیسلامیان بۆ تێکنەشکێنرابێت ئەوە مسوڵمانانیان بۆ لاواز کراوە و پەنایان بردووە بۆ پاکتاوکردنی جەستەییان و لەناو بردنی ماڵ و منداڵ و وڵاتیان .

- یەکێتی سۆڤێتی جاران چی نەکرد بە مسوڵمانان، کە هەر ئەوەندە شۆڕشی سووری ئۆکتۆبەری (١٩١٧) سەرکەوت خێرا کەوتنە گیانی مسوڵمانانی هەرێمە ئیسلامیەکانی ئاسیاو بۆ نموونە

• لـە سـاڵی (١٩٢٢)دا ئابڵوقـەیان خسـتـە سـەر (قـەرەم) کـە وڵاتێکـی ئیسـلامی بـوو کـە (نەسسـائی) حەدسـیزان کـوڕی ئـەو وڵاتەیەو سەد هەزار کەسیان بە برسێتی شەهید بوون .

– ئـەم هـەرێمی (قـەرەم)ە لـە پێـنج ملیـۆن کەسـەوە لـە (١٩٢٢)دا بوون بە (یەك ملیون) کەسی لە ساڵی (١٩٤٠ن)دا، واتە چوار ملیۆنی لێ شـەهید کـردن !! و سـتالینیش لـە پاشـاندا ئـەو ملیۆنـەی تـری ئاوارەکردن .

– تورکستان[١] لە سـاڵی (١٩٢٢)ەوە تـا سـاڵی (١٩٣٢) بـە ڕەشـە کوژی و برسێتی زیاتر لە سێ ملیۆن کەسیان لێ شەهید کراوە و لە تـاو برسێتی دەستیان دایە خـواردنی مردووەکانیـان و ئەمـەش لە چوارچێوەی چیرۆکێکیدا وێنای گیراوە بە ناوی (مردوو خۆرەکان)

– کوژاندنـەوەی شۆڕشـەکانی هێنـد بـە پێشـەوایەتی (احمـد عیرفان) یان شۆڕشەکانی شیشان و قەوقاز بە پێشەوایەتی (شێخ شامل) یان شۆڕشەکانی عمر المختار و عبدالقادری جەزائیری و.. هتد .

– شـەهید کـردن و لـەناو بردنـی سـەدان و بگـرە هـەزارانی وەك (ئیمـامی بـەننا) و (سـەیید قطـب) و (عبـدالقادر عـوده) و (صـالح

---

[١] لـە کـاتی نورسـینی ئـەم نامیلکەیـەدا مسـوڵمانی تورکمانسـتان کـە (ئیغۆریەکانیان پێ ئەوترێ لەناو جیهاندا) خەریکی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانن و تـا ئێسـتا (٢٠٠٩/٧/٧) نزیکـەی دوو سـەد کەسـیان لێ شـەهید بـووە لـەو خۆپیشاندانانەدا .

سریە) و (عبدالعزیزالبدری) و (مەروان حدید) و (عەدنان عوقلە) و (مالكولم اكس) و (احسان ئیلاهی ظهیر) (نورسی) و (نازم ئەلعاص) ... هتد هەر بۆ ئەوەیە كە نوری ئیسلام بكوژێننەوە و خەڵكە كاریگەرو محوەریەكان لەناو بەرن و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بگرن .

بەڵام سوپاس بۆ خوا هەموو ئەو پیلانانە لەسەر هەموو ئاستەكان توشی شكست بوون و بەو هەموو تاریكیەوە نەیانتوانی ڕوناكی ئیسلام بكوژێننەوە ! لە كوێدا ڕێبەرێك شەهید ئەكەن دەیان ڕێبەر دروست ئەبێتەوە، لەكوێدا شۆڕشێك سەركوت ئەكەن چەندین شۆڕشی تر هەڵدەداتەوە لە شوێنێكدا مزگەوتێك ئەڕوخێنرێ دەیان مزگەوت دروست ئەبێتەوە، پاش پێنج سەدە لە ئەندەلوس و دروست لە غەرناتە دا و لە ١٠/یولیوی/٢٠٠٣دا پاش نۆ ساڵ مەحكەمە و مەحكەمەكاری، مسوڵمانان كێشەی مزگەوتەكەیان یەكلا دەكەنەوە و بانگی محمد ﷺ بە ئاشكرا دووبارە ئەدەنەوە بەگوێی خەڵكدا .

لە هەر وڵاتێكدا دەست ئەخەنە ناو بەرنامەكانی خوێندن لە زانكۆ و قوتابخانەكانی ترەوە كە بەرنامەی دینیان تێدا نیە ئیسلام سەر هەڵ دەداتەوە و ڕێبەری گەورە گەورە دروست ئەكات، وەك كۆلێژەكانی (طب) و (هندسە) و (یاسا) .

لە هەركوێدا دەست وەرئەدەنە مێژووی ئێمە و بوختانی بەدەمەوە ئەكەن، دەیان زانای گەورە گەورە لە ناوەندە ڕۆشنبیری و

زانستیەکاندا دێنە قسەو شایەتی ئەدەن بۆ گەورەیی مێژووی ئیسلام و سەماحەتی ئاینی ئەم دینە و هەنگاوی گەورە گەورەی زانستی و مرۆیی کە ئیسلام ناویەتی بۆ کامەرانکردنی ئەم بەشەریەتە .

کتێبە گەورەکانی (انسانیة الاسلام)ی مارسیل بوازار[1] و (الطریق الی مکة)ی لیوبولد ڤایس[2] و (دفاع عن الاسلام)ی لورا فیشیا فاغلیری[3] و (دراسات في حضارة الاسلام) و (الاتجاهات الحدیثة في الاسلام)ی هاملتون جیب[4]، هەموو شایەتن بۆ گەورەیی و مەحکەمی ئەم دینە کە چەندە دەوڵەمەندەو پێویستە بۆ ئەم مرۆڤە .

کتێبەکانی (القران الکریم و التوراة و الانجیل والعلم)ی مۆریس بۆکای[5] و کتێبی (محمد الرسالة و الرسول)ی نەظمی لوقا[6] و (حیاة محمد) أمیل درمنگم[7] و (الابطال)ی کارلایل[8]، هەموو شایەتن لەسەر گەورەیی قورئان و حەزرەتی محمد و دەوڵەمەندی ئەو ژیانە موبارەکەی پێغەمبەر ﷺ کە مرۆڤایەتی چارەسەری دەردەکانی خۆی تێدا ئەدۆزێتەوە، ئیتر با بوەستین کتێبە بەنرخەکانی (حضارة العرب)ی گۆستاڤ لۆبۆن[9] و (شمس الله تسطع علی الغرب)ی زیگرد

---

[1] بۆ کورتەیەکی ژیاننامەی ئەم زانایە سەیری (ماذا قالوا عن الاسلام)ی عماد الدین خلیل بکە .

[2] و٤و٥و٦و٧و٨و٩ بۆ کورتەیەکی ژیاننامەی ئەم زانایە سەیری (ماذا قالوا عن الاسلام)ی عماد الدین خلیل بکە .

هوتکە و (تأثیر الاسلام علی اوروبا في العصور الوسطي) مۆنتیگری وات، چ شایەتیەکی بەنرخ ئەدەن بۆ گەورەیی مێژووی ئیسلام و مرۆڤدۆستی شارستانێتی ئیسلامی .

لە هەر شوێنێکیشدا شەپۆلی گومان و دوو دڵی زیادی کردبێت، ئەو گومان و دوو دڵیانە بوونەتە هۆی ئەوەی هەزاران کەس بە شوێن ڕاستی وەلامەکانیدا عەودالْ بووبن و لە ئەنجامدا ڕێیان کەوتبێت لە ڕاستیەکان و بە لێشاو ملیان نابێت بەرەو ئیسلام و خزمەتکردنی ئیسلام و ڕەواندنەوەی ئەو گومانانە .

با بۆ نموونە تەنیا ڕووداوی (سێبتێمبەری (٢٠٠١ ) بهێنینەوە کە ئەمەریکا ویستی بەو ڕووداوە ڕووی گەشی مسوڵمانان ناشرین بکات، وا بکات لە خەڵکی کە لە ئیسلام دوور بکەونەوە و بە چاوێکی ناحەزانەوە سەیری ئیسلام بکەن و مسوڵمانان بە دڕندەو ئیسلام بە دینێکی ئیرهابی و خوێن ڕێژ بناسن .. کەچی نەك هەروا دەرنەچوو کە ئەو ئەیویست بەڵکو ئەو ڕووداوە بوویە سەرەتای (فەتحێکی فیکری و و شارستانی گەورە) بۆ مسوڵمانان لە ڕۆژئاوادا!! بۆ نموونە و تەنیا نموونە.. سەیری ئەم ئامارانە بکە ..

سەرژمێرییەك لە هۆڵندا ئاشکرای کرد کە پاش ١١/سێپتێمبەر، ئیسلام یەکەمین ئاینیە لە ئەمستردامی پایتەختدا و ڕۆژنامەی (مترۆ) لە (٢٩/یۆلیۆ/٢٠٠٢)دا ڕایگەیاند کە (١٣٪)ی دانیشتوانی شاری ئەمستردام مسوڵمانن و ڕێژەی کاسۆلیك (١٠٪)یەو پرۆتستانت (٥٪)ەو جولەکەش (١٪)ن و ئەمەش وای کردووە کە

زۆر لە دەزگا ئاینیەکان "جگە لە ئیسلام" دەرگاکانیان دابخەن و کەلوپەلەکانیان بفرۆشن[١].

یـان (ساموێلسـون) کـە توێـژەرێکی سـویدیە لـە کاروبـاری مسلۆماناندا ئەڵێ: ئیسلام بووە بە دووەم بیرو باوەڕی ڕەسمی لە (سوید)دا پاش مەسیحیەت، پاش ١١/سێپتێمبەر سویدیەکان زیاتر لە جاران سەر لە مزگەوتـەکان ئەدەن و پرسیار دەربارەی ئیسلام دەکەن .

ئیمامی مزگەوتی (ئوبسالا) لە سوید ئەڵێ: (بە ئاشکرا دەڵێم جوڵەیـەکی ئاشـکراو کاریگـەر هەیـە لـەناو سـویدیەکانداو بـەرەو ئیسلام دێن، ڕووداوی ١١/سـێپتێمبەر کاریگـەری گـەورەی هـەبوو لەسەر شارەزا بوونی سودیەکان لە ئیسلام و لە ماوەی دوو مـانگی دوای ئەو ڕووداوە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنانی سویدی هـاتن بۆ مزگەوت و بۆ پرسیار کردن دەربارەی ئیسلام و زۆرێکیشیان لێ مسوڵمان بوون .

- لــە ســوید دا ئافرەتــەکان ئــازادن بــە لەچـکەوە وێنــەی (معاملات)ەکانیان بگرن و هەموو کارەکانیان بۆ بەڕێوە دەبرێت و لەســەر شاشــەی تەلەفزیۆنــەکانیش بــە لەچـکەوە ڕونکردنــەوە دەربارەی ئیسلام دەدەن[٢] .

---

١ المعجزة المتجددة ، ل ٣٥١ .

٢ هەمان سەرچاوە ، ل ٣٥٨ .

– پرۆفیسۆر هیوسلی کە ساڵی ١٩٨٦ دکتۆرای وەرگرتووە و نامەی دکتۆراکەشی ناوی (بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەهۆی عوسمانیەکانەوە لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتدا)، ئەڵێ (١١ی سێپتێمبەر کاری کردە سەر حکومەتی کۆری و وای لێکردن لیژنەیەکی بەفراوان دابنێن بۆ توێژینەوە لە کارەساتی ١١ی سێپتێمبەرو سندوقێکیشیان دانا بۆ دیراسەی جیهانی ئیسلامی و کاریگەری بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەسەر کۆریاو لیژنەکەش داوای لە حکومەتی کۆری کرد کە (مینحەی ئەکادیمی) زیاتر بدات بۆ دیراسە کردنی ئیسلام[1].

– لە ساڵی (٢٠٠٢)داو لە بەرنامەی (بین السطور)ی کەناڵی (الجزیرة)دا هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە (١٤٥) جوولەکە لە فەلەستیندا مسوڵمان بوون، کە یەکێك لەوانە گەنجێکەو (٢٨) ساڵ تەمەنیەتی و ناوی (سعید)ە و ئەڵێ (پاش ئەوەی هەواڵی مسوڵمان بوونی (یوسف کۆهین[2])م بیست منیش مسوڵمانێتی خۆم ڕاگەیاند

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ٣٦٥ .

[2] (یوسف کوهین) حاخامێکی گەورەی جولەکە بوو لە ئەمەریکاو سەر بە حیزبی شاسی توندڕەو بوو لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوەو پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر ئاین و فەلسەفە لە ساڵی (٢٠٠١)دا لەسەر دەستی بانگخوازێکی ئیسلامی ناو ئەنتەرنێت مسوڵمان ئەبێت و ئەکەوێتە بانگخوازی بۆ ئیسلام و لە خێزانەکەشیەوە دەستی پێکرد (بڕوانە: المعجزة المتجددة، ل ٣٩٨) .

هەرچەندە دایکم زۆری پێ ناخۆش بوو، ئەوەی ڕاستی بێت ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەر وای لێکردم کە زیاتر بەدوای ئیسلامدا بگەڕێم[١].

- لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا (رابیتەی ئیسلامی) کۆنفراسێکی بەست لە (٢٣ تا ٢٥) / دیسێمبەر / ٢٠٠٣ز کە باس لە ڕووداوی ١١/سێپتێمبەرو کاریگەریەکان ئەکات، لاوێکی قوتابی زانکۆی سوید لە کۆنفرانسەکەدا هەڵدەسێتەوە و موسڵمان بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و لەو کاتەشدا پیاوێکی پیری سویدیش (ڤێلاکەی) خۆی ئەکاتە (وەقف) بۆ ئەوەی بکرێتە بنکەی لەبەر کردنی قورئان[٢]!!.

"ئاشوک کولن یانق" یەکێك بوو لە گەورە قەشەکانی خوارووی سودان کە ئەمینداری گشتی کۆڕی کەنیسەی جیهانی بووە بۆ ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەفریقا لە ساڵەکانی (١٩٩٢) بە دواوەو لە ساڵی (٢٠٠٢)دا مسوڵمانێتی خۆی ڕاگەیاند، لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (المجتمع) کویەتی ژمارە (٦٢٩)ی ٢٠٠٢دا لەگەڵ ئاشکۆکدا زانیاریەکی زۆری داوە دەربارەی ئەوەی کە ئەم پیاوە بۆتە هۆی مسوڵمان بوونی زیاد لە (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار

---

١ هەمان سەرچاوەو لاپەرە .

٢ هەمان سەرچاوە ، ل ٥٠١ .

کەس لە مەسیحیەکان، کە دوو هەزارو پێنج سەدیان قەشەو شارەزان لە نەصرانیەتدا .

- ساڵی (٢٠٠٦) لە ئەمەریکا (٢١٢٠٠٠)دووسەدودوانزە هەزار گەنج و تازە پێگەیشتووی کوڕو کچ کۆبوونەوە لە باخچەیەکی گەورەی واشنطن‌دا و بڕیاریان دا کە دەست لە داوێنپیسی هەڵگرن و پەیمانی داوێنپاکی بدەن بە یەکتری، (١٥٠) کەسیان بە جلی سپییەوە چوون بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بۆشدا وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو پاکێتیە و ناڕازی بوونیان لەسەر بەرەڵایی .

- لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا (٢٥٠٠٠) کوڕو کچ سروودی داوێنپاکیان ئەچڕی لەبەردەم کۆشکی سپیدا لە ژێر رەهێڵەی باراندا.

ـ لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە(٨٠٪)ی ئافرەتە ئەمریکییەکان حەز دەکەن بگەڕێنەوە سەر خوڕەوشتی بەرزو داوێن پاکی، لە دیراسەیەکی تردا کە لەسەر (٤٠٠٠) چوار هەزار ئافرەت کراوە، دەرکەوت کە (٦٠٪)یان حەز ناکەن ئازادی بێ سنوور بدەن بە کچەکانیان و (٧٥٪)یشیان حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ ژیانی خێزانی و داوێنپاکی، بەڵام ئەوەی سەیرە کە (٨٧٪)ی ئەو ئافرەتانە نەیاندەویست یەکسان بن لەگەڵ پیاواندا (و ئەو مەسەلەیەیان بە زەرەرو زیان ئەزانی بۆ چینی ئافرەتان)[1]!!.

---

[1] بەرەو ئیسلام ،ئاسودەیی ، ئەندازیار عوسمان ، (٢/٧٠-٧١) .

دکتۆر وەلید فتحی کە پزیشکێکی مسوڵمانە و لە ئەمەریکا کار دەکات ڕووداوەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ۱۱/سێبتێمبەرمان بۆ ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت:

(هەر کە ڕووداوی ۱۱/سێبتێمبەر ڕوویدا یەکسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە جولەکە ئاڕاستەی ئەکردن دەستیان کردە تاوانبار کردنی مسوڵمانان .

لە سەعات دوازدەی ئەو ڕۆژەدا لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی مەرکەزی ئیسلامی لە (بوسطن) کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەلەیان ئەنجامداو منیش لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەشداریم کردو چەند بڕیارێک درا لەوانە داوا لە دەسەڵاتدارانی شار بکرێت کە بنکەکەمان بپارێزن لە کەسانی تێکدەرو ئاژاوەچی و ئەوانیش هێزێکی ئاسایشیان بۆ ناردین .

- ڕۆژی ۱۲/سێبتەمبەر، دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانەوە بە پۆل ئەهاتن بۆ مەرکەزی ئیسلامی و داوای چاوپێکەوتنیان تۆمار دەکرد لەگەڵماندا و دونیایەک پرسیاریان لەسەر ئیسلام و موسڵمانان ئەکردو ئێمەش وەڵاممان ئەدانەوە (بە ڕاستی ئەوەندە دژایەتیان دەکردین بڕوامان وابوو کە ئیسلام پەنجا ساڵ دێتە دواوە لە ئەمەریکادا بەهۆی ۱۱ی سێپتێمبەرەوە !!

- ڕۆژی ۱۳/سێپتێمبەر لە گۆڕەپانی بەرامبەر بارەگای (عومدە)ی شاردا هەزاران کەس کۆبوونەوە و چەند کەسایەتیەکی ئاینی (گاورو موسڵمان) قسەیان بۆ ئەکردن، لەوێدا باسێکی

چڕوپڕی بنەماکانی ئیسلام کراو پاشان درا بە تەلەفزیۆن و ملیۆنەها کەس بە دیاریەوە دائەنیشتن، ئەم کۆبوونەوانە لە هەموو شارەکانی ئەمەریکادا ئەنجام ئەدران .

- ڕۆژی جومعە و ١٤/سێپتێمبەر بە ڕەسمی بانگ کراین بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێك بەرنامەی تەلەفزیۆنی، و ئامادەکاری کرا بۆ ئەنجامدانی نوێژی جومعە لە بۆستن لەلای مەرکەزی ئیسلامیداو سەرۆکی کڵێسەکانیش بەشداریان کردو پاش نوێژ لەگەڵ مسوڵماناندا بەشداری و ڕێپێوانێکیان کرد بۆ بەردەم بارەگای عومدەی شاری کامبردج و لەوێش باسی ئیسلاممان بۆ ئامادەبوان کردو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەموو ئەوانە بڵاو بوونەوە .

-لە ڕۆژی ١٥/سێپتێمبەردا چووم بۆ گەورەترین کڵێسەی شاری بوسطن کە بانگهێشت کرابووین بۆ باسکردنی ئیسلام و لەوێش گەورە پیاوانی شارو کۆمەڵی ڕۆشنبیرو مامۆستای زانکۆش ئامادە بوون کە زیاتر لە هەزار کەس ئەبوون، هەروەك سەفیرەکان پێشوازیان لێکردین و گەورەترین قەشەی کڵێسەکە وتاری داو بەرگری لە ئیسلام کردو ڕایگەیاند کە ئیسلامیش ئاینێکی ئاسمانی و خوداییە !!

منیش بەیاننامەی زانایانی ئیسلامم خوێندەوە و باسی هەڵوێستی ئیسلامم کرد لە بارەی تیرۆرەوەو بە دەنگەوە ئەم ئایەتەم خوێندەوەو بۆشم تەفسیر کردن.

﴿ مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا ﴾ **المائده ٣٢.**

**هەروەها ئایەتەکانی:** ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ **الحجرات: ١٣.**

**وە ئایەتی** ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْۚ ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ **المائدة:٨ .**

**ئەوەی هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ئەوە بوو زۆرێك لە ئامادە بووان لەو کڵێسەیەدا دەستیان بە گریان کرد، یەکێك لە ئامادە بووان وتی: هەرچەندە من هیچ لە زمانی عەرەبی تێناگەم، بەڵام دیارە ئەوەی خوێندت بەڕاستی کەلامی خوایە ! یەکێکی تر کە کاتێك لە کڵێسە چووە دەرەوە بە چاوێکی پڕ فرمێسکەوە خواحافیزی لیٚ کردین و کاغەزێکی دایە دەستم کە کردمەوە سەیر ئەکەم نووسیویەتی (لە ڕابردوو لە ئێستامان ببوورن و دوعامان بۆ بکەن) !!**

**یەکێکی تر لەوانە کە فرمێسکی بە چاودا ئەهاتە خوارەوە پێی وتین: ( بڕوام وایە ئێوەش هەروەك ئێمەن و بگرە چاکتریشن) ! لەو کۆبوونەوەیەدا هەر خەڵك بوو داوای ناونیشانی مەرکەزی**

ئیسلامیان لێ ئەکردین، سەردانمان بکەن و دەربارەی ئیسلام پرسیارەکانیان بکەن و ئامادەی خوتبەکانی هەینی ببن ... لەوێدا تێگەیشتم خوا کاری بێ حیکمەت نیە با عەقڵی کولی ئێمەش ئەو کارە نەبڕێت .

- ڕۆژی ١٦/سێپتێمبەر بانگەوازێکمان کرد بەناو خەڵکدا بۆ سەردان کردنی مەرکەزەکەمان، لەو بڕوایەدا بووین سەد کەسێك ئامادە نابێ، کەچی زیاد لە هەزار کەسیش ئامادە بوون لە دەرو دراوسێکمان و پیاوانی و ئاینی و مامۆستایانی زانکۆ، باسێکی وردی ئیسلاممان بۆ کردن و قورئانمان بۆ خوێندنەوەو هەر ئەو ڕۆژە دەعوەتێکیان پێدام لە کەنیسەکەی دوێنێوە کە بچم وتار بدەمو باسی بنەماکانی ئیسلام بکەم بۆ خەڵکی و لە پێنج کەناڵی تەلەفزیۆنیەوە بانگهێشت کراین بۆ پرسیار و وەڵام و قسەکردن دەربارەی ئیسلام !.

- ڕۆژی ١٩/سێپتێمبەر لەلایەن عومدەی شارەکەی دراوسێمانەوە بانگهێشت کراین بۆ ئەوەی لەبەردەم هەزاران کەسدا باسی ئیسلامیان بۆ بکەین کە بۆ ئەو مەبەستە کۆیان کردبوونەوە .

- ڕۆژی ٢٠/سێپتێمبەر سێسەد مامۆستاو قوتابی زانکۆی هارفارد هاوڕێ لەگەڵ سەفیری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڤێننا هاتن بۆ سەردانیکردنی مەرکەزی ئیسلامی و لە گۆڕەپانی مزگەوتەکەدا دانیشتن و باسی ئیسلامیان بۆ کردن و قورئانمان بۆ

خوێندن و سەیر ئەوەبوو ئەمانیش فرمێسک بە چاوەکانیاندا ئەهاتە خوارەوە !.

- ڕۆژی جومعە، ٢١/سێبتێمبەر موسڵمانان لەگەڵ حاکمی ویلایەتی (ماستشوستس) کۆبوونەوە و قسە لەسەر ئەوە کرا کە لە بەرنامەی خوێندندا وانەیەك تەرخان بکرێ بۆ دینی ئیسلام تا ببێتە مایەی هۆشیاری و کەس دژایەتی نارەوای موسڵمانان نەکات، وتارو نوێژی جومعەکەش لە کەناڵی (CNN) بە تەواوی بڵاو کرایەوە، هەروەها وتاری هەفتانەی شەوی مەرکەزەکەشمانی بڵاو کردەوە ! بەڕاستی ئەمانەی لە شاری بوسطن ڕوویان ئەدا لە هەموو شاردکان بە شێوازێك لە شێوازەکان ڕوویان دا و بۆمان دەرکەوت (ئیسلام نەك پاشەکشە ناکات بەڵکو پێشکەوتنی گەورەشی دەستکەوتووە و ئەوەی ئێمە وامان دەزانی ئیسلام پەنجا ساڵ لە ئەمریکادا هاتە دواوە، وا دەرنەچوو، بەڵکو لە سایەی خواوە بەو یازدە ڕۆژەی دوایی ١١/سێپتێمبەر ئیسلام یازدە ساڵ چوویە پێشەوە[1].

- سەرۆکی کۆمەڵەی مسوڵمانان لە هاوای - کە پەنجاهەمین ویلایەتی ئەمریکایە- ئەڵێ: (پێش ڕووداوی ١١/سێپتێمبەر لە مانگێکدا (٣) سێ کەس مسوڵمان دەبوون کەچی لە ماوەی سێ هەفتەی دوای ئەو ڕووداوە (٢٣) کەسی موسڵمان بوون کە زۆربەیان

---

١ المعجزة المتجددة ، ل ١٦٦ .

ئافرەتن .. یەکێك لەوانە ئەڵێ: (من ئەمڕۆ یا سبەی هەر دەمرم بۆیە پێویستە موسڵمان ببم) .

– لە فەرجینیا مەرکەزی ئادەم پێشوازی کرد لە قەشەیەك و دە ئەمەریکی کە مسوڵمان بوو بوون چەند ڕۆژێك دوای ١١/سێپتێمبەرو دراوسێکانی مزگەوت هەڵمەتێکی پارە کۆکردنەوەیان دەست پێ کرد بۆ نەوژەندکردنەوەی مزگەوتەکەمان کە هەندێ توندڕەوی جولەکە و گاور زیانیان پێ گەیاند بوو[١] .

– مسوڵمانێکی ئەو شارە ئەیگێڕێتەوەو ئەڵێ: ڕۆژێك زۆر ترسم لێ نیشت لە کاتی چوون بۆ مزگەوتدا بە تایبەت من ساڵێك بوو موسڵمان بووم، شەو دوعای زۆرم کرد کە خوای گەورە ترس لە دڵماندا نەهێڵێ .. سەیر ئەوە بوو کە چووم بۆ مزگەوت سەیر ئەکەم دەرگای مزگەوت بە چەپکە گوڵ ڕازابووەوە لەلایەن دەرو دراوسێی مزگەوتەکەوە وەك دەربڕینی هاوسۆزیەك کە بە ڕاستی ئەمەش مژدەیەکە و ئاماژە دەکات کە داهاتوو بۆ ئیسلامەو لە ئەمەریکاداو لە جیهانیشدا .

– ئامارەکان دەڵێن ژمارەی ئەوانەی مسوڵمان دەبن چوار ئەوەندەی ئەوانەن کە پێش ڕووداوی ١١/ سێبتێمبەر موسڵمان بوون .

---

[١] هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٧ .

- ڕاپۆرتێکی (CIA) ئامارێك ئەکات و ئەڵێ: (ئیسلام لە هەموو ئاینەکانیتر خێراتر بلاو ئەبێتەوە ژمارەی مسوڵمانان دەگاتە سێ یەکی دانیشتوانی جیهان) واتە (لە هەر سێ کەسێك یەکێکیان مسوڵمانە) و ڕێژەی موسڵمان بوونیش دوای کارەساتی ١١/سێبتێمبەر زۆر زیادی کردووە) و ڕاپۆرتەکە نیگەرانی لە بلاوبوونەوەی خێرای ئیسلامدا دەردەبڕێ بە تایبەت لە ئەمەریکاو ئەوروپاو ئوستورالیادا[١].

- یەکێك لە تازەترین ئامار کە کراوە بۆ حاڵەتی هەر سێ ئایینی (ئیسلام، مەسیحی، یەهود) کراوە بریتییە لە:

١. بڕی یارمەتی دیاریکراو بۆ بلاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی لە ساڵی ١٩٧٠دا گەیشتۆتە (٧٠ملیۆن) دۆلاری ئەمەریکی و لە ساڵی (٢٠٠١)دا بڕی ئەو یارمەتییە گەیشتۆتە (٢٨٠) ملیۆن دۆلارو پێشبینی ئەکرێ لە ساڵی (٢٠٢٥)دا ڕێژەکە بگاتە (٩٥٠ بلیۆن دۆلار).

٢. ڕێژەی تاوانکردن لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە کەنیسەکاندا بریتییە لە (٥) ملیۆن تاوان و، لە ساڵی (٢٠٠١)دا ڕێژەکە بووەتە (١٧) ملیۆن تاوان و پێشبینی ئەکرێ تا ساڵی (٢٠٢٥) بگاتە (٦٥) ملیۆن تاوان.

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٩.

٣. ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە مەسیحیەت بڵاو دەکەنەوە لە ساڵی (١٩٧٠)دا بریتیە لە (٢٢٠٠) ڕێکخراو لە ساڵی (٢٠٠١)دا ژمارەیان گەیشتووەتە (٤١٠٠) ڕێکخراوو پێشبینی ئەکرێ لە (٢٠٢٥)دا بگەنە (٦٠٠٠)ڕێکخراوی تەنصیری .

٤. ژمارەی کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییە تەبشیریەکان بۆ مەسیحیەت لە ساڵی (١٩٧٠)دا بریتییە لە (١٢٣٠) کەناڵ و لە (٢٠٠١) دا بوونەتە (٤٤٥٠) کەناڵ و لە (٢٠٢٥)دا ئەبنە (٥٤٠٠) کەناڵ .

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشداو لەگەڵ ئەو هەموو نەخشە ستراتیژیانەشدا کە گیراوەتە بەر بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت و لە بنوبێخ دەرهێنانی ئیسلام کەچی ئامارەکان ئەڵێن:

١. ژمارەی موسڵمانانی هەموو جیهان لە (١٩٧٠)دا بریتییە لە (٥٥٣٥٢٨٠٠٠) کەچی لە (٢٠٠١)دا بووە بە (١٢١٣٣٧٠٠٠٠)و پێشبینی دەکرێت لە (٢٠٢٥) بگەنە زیاتر لە (٧٨٤٨٧٦٠٠٠٠) موسڵمان .

٢. ژمارەی مەسیحیەکانی جیهان لە (١٩٧٠)دا (١٢٣٦٣٧٤٠٠٠) مەسیحییە لە (٢٠٠١)دا ئەو ژمارەیە بووەتە (٢٠٢٤٩٢٩٠٠٠) .

٣. ژمارەی جولەکە لە (١٩٧٠)دا (١٤٧٦٧٠٠٠) کەس بوون، لە ساڵی (٢٠٠١)دا بوونەتە (١٤٥٥٢٠٠٠) کەس و پێشبینی ئەکرێ لە (٢٠٢٥)دا ببنە (١٦٠٥٣٠٠٠) جوولەکە[1].

---

[1] بەرەوە ئیسلام (٧٠/١)و بۆ زیاتر زانیاری سەیری سایتی زاگرۆس بکە .

لەمانەو جگە لەمانەوە ئەگەینە ئەوەی کە ئەو پیلانانەی دانراون بۆ کوژاندنەوەی ئیسلام هەموو شکستیان خواردووە و بەری ڕۆژی ئیسلامەتی بە بێژنگی هیچ پیلانگیرێك ناگیرێت و ئیسلام بەڕێوەیە و هاکا هاتەوە، چونکە بەدیلی تەنیا بۆ ئەم مرۆڤە ئەم ژیانە کە ڕایبگرێتەوە بریتییە لە ئیسلام و تەنیا ئیسلام و ئەم خاڵەی دواتریش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەمە ..

***



## چـــوارەم: ئەزمووونـــە ئیســـلامیەکان ســـەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە دونیادا

ئەگـەر بمانـەوێ لەسـەر نەخشـە ئەزموونـە ئیسـلامیەکان دیـاری بکەین پێویستە بڵێین: ئەزموونە ئیسلامیەکان لە (٥) مەیداندا دەر ئەکەون:

مەیدانی یەکەم / ڕاستکردنەوی چەمکە مەعریفیەکان و دروست کردنی کتێبخانەیەکی گەورە لەو بارەیەوە .

مەیـــدانی دووەم / دروســـتکردنی ڕابـــوونێکی ئیســـلامی بەرچـــاو ڕوونو بنکە فراوان کە داوای جێ بە جێ کردنی شەریعەت ئەکات .

مەیدانی سـێیەم / درووست کردنـی نوخبەیەکی زانـاو دانـاو بە توانا لە هەموو دونیادا کە جێگەی ڕێزی زانایانن .

مەیدانی چوارەم / دروستکردنی پردێکـی مەحکەمـی پەیوەنـدی لەگـەڵ میللـەتانی تـری دونیـادا کـە پـیلان تـا ئێسـتاش نەیـداوە بـە ئاودا .

مەیـــدانی پێنجـــەم / درووســـت کردنـــی چـــەند ئـــەزموونێکی نـــاوازە وەك (بـــانکی ئیســـلامی، ســـەنتەرە ئیســـلامیەکان، بزووتنـــەوە ئیســـلامیەکان، داڕێژانی ئیسلام لە چەند مادەو بڕگەی دەستوریدا ...)[1]

---

[1] سوود لە (این الخلل) ی د.قرضاوی وەرگیراوە بۆ ئەم خاڵانە .

ئەزموونە ئیسلامیەکان لە خاڵی یەکەمدا چەندین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە .

– لە لایەك ئیسلامیان لە چەند چەمکێکی چڕو پڕدا ناساندووە بە دونیا کە زانای وا هەیە هەموو ئیسلامی کردووەتە دوو بەشی گەورە: (عەقیدە) و (شەریعەت) و هاتووە، عەقیدەی کردووەتە چوار باسی سەرەکی: ( ئیلاهیات، سەمعیات، بنوات، ڕۆحانیان)[1]، زانای وا هەیە ئیسلامی کردووەتە سێ بەشی گەورە:

ناسینی خوا، ناسینی پێغەمبەری خوا، ناسینی دینی خواو لەسەر هەر بابەتەیان کتێبێکی نووسیوە، وەك (سەعید حوی) بۆ نموونە، هەشە ئیسلامی کردووەتە سێ باسی سەرەکی (عەقیدەی ئیسلامی) و (شەریعەتی ئیسلامی) و (سیستمی حوکمی ئیسلامی) بۆ نموونە (سید قطب) هەیە تێگەشتنی لە ئیسلام لە (١٠) خاڵدا چڕ کردووەتەوە و وەك (سەعید حوی) و، هەیە لە (٢٠) خاڵدا وەك (ئیمامی بەننا) و، هەیە زیاترو هەیە لە سێ خاڵدا چڕی کردووەتەوە وەك (محمدی کوڕی عبدالوهاب) و، هەیە ئیسلامی دابەش کردووە بەسەر (عەقیدە) و (عیبادەت) و (شەریعەت)دا ... بەو شێوەیە .

---

[1] سەیری (العقائد)ی امامی بەننا و ( القرن الخامس عشر الهجري ) ئەنوەرلجوندی بکە .

- لە لایەکی ترەوە ئیسلامیەکان توانیویانە هەموو ئەو زاراوە وچەمکانەی کە ئێستا لە دونیای مەعریفەدا هەن بخەنە ناو تەرازووی ئیسلام و هەڵوێستی ئیسلامیان دەربارە بڵێین و ڕۆشنی بکەنەوە ئیسلام کامەی پێ قبووڵە و بۆچی قەبوڵیشی ئەکات و کامەی پێ ڕەفزە و بۆچی ڕەفزیشی ئەکات وەك چەمکەکانی (عەولەمە) و (دیمکراسی) و (بازاڕی ئازاد) و (ئازادی بێ قەیدو شەرت) و (یەکسانی ڕەها) و (مەسەلەکانی ژیان) و (مەسەلەکانی ئابووری) و.. هتد .

- لە لایەکی تریشەوە ئیسلامیەکان لەم مەیدانی مەعریفەدا توانیویانە دیدێکی ڕۆشنی ئاشکرا بدەن لەسەر کەلتووری ئیسلامی بە (فقە) و (مێژوو) و (شارستانیەتی ئیسلامیەوە) و دەری بخەن کە شارستانیەتە بەشەرییەکان بەریەککەوتن و حیوارو پێکەوە ژیانیان بە درێژایی مێژووی بەشەری هەبووە و ئێستاش باشترین شێواز کە کاری بۆ بکرێ ئەوەیە حیوارو پێکەوە ژیان دروستبکرێ لە نێوانیاندا و ئەو شارستانیەتانە ئازاد بکرێن لەو گفتوگۆو حیوارانەداو کێ بردیەوەو توانی عەقڵ و دەروونی خەڵکی بکاتە خۆی و ئارامی بداتێ موبارەکی بێت و هەر ئەمەش وای کردووە لە یەکێکی وەك (صاموئیل هنتگتۆن) کە زەنگی ترسناکی لێ بدات و بە ئاشکرا بڵێ لە ململانێی شارستانیەتەکاندا حەتمەن ئیسلام ئەیباتەوە و هۆکەشی ئەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیسلام تەرسانەیەکی گەورەی لە ئەفکار پێیە و جالیە ئیسلامیەکانیش

بوونەتـە بەشـێکی سـازو گونجـاو لـەناو ڕۆژئـاوادا و کـەس حەساسیەتی نەماوە پێیان .

ئەمـە وای کـردووە کـە خـەڵکی ڕۆژئـاوا بەهەڵـەداوان بـەدوای ناسـینی ئیسـلامدا بگـەڕێن و داوای تەرجەمـەی ئینگلیـزی و فەرەنسی و ئەڵمانی.. قورئان و کتێبە ئیسلامیەکان ئەکەن و چەمکە ئیسلامیەکان و پێوەرە قورئانیەکان سەرنجیان ڕادەکێشێ و کەمەند کێشیان ئەکات بەرەو ئیسلام .

– کە لە ئیسلامدا باسی تەوحیدو یەکتا پەرستی ئەخوێننەوە حاڵی دەبن (تثلیث) چەند ئاڵۆزو نا مەنتیقیە .

– کە لـە ئیسـلامدا باسـی ئافرەت و خێـزان ئەخوێننـەوە حـاڵی دەبن ئـەو بەرنامەیـە چـەندە بەسـوودە بـۆ ژن و منـاڵ و خێـزان و کۆمەڵگەو داهاتووی مرۆڤایەتی .

– کـە لـە ئیسـلامدا باسـی زەکـات و هەوڵـەکانی ئیسـلام دەخوێننـەوە بـۆ کەمکردنـەوەی بۆشـایی نێوان هـەژارو دەوڵەمەنـدو نزیـک کردنـەوەیان لـە یـەکتری تـێ دەگـەن سـەرمایەداری چـەندە گەندەڵی دروستدەکات و برەو بە هەژاری دەدات .

پیـاوێکی گـەورەی وەك (ئەنورەلجونـدی) کـە دێـت هـەوڵ ئـەدات چەمکەکانی ئـەم سـەردەمە هـەموو بـە تـەرازووی ئیسـلام بکێشـێ و دێت (معلمة الاسلام) دائەنێ کە (سەد) زاراوە شیدەکاتەوەو کورتەی ڕاو بیری ئیسلام ڕۆشن ئەکاتـەوە، بۆ ئەوەیە کە لاوانـی ئیسلام پڕ چەك بکات و لە ململانێ کردندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن .

ئەزموونە ئیسلامیەکان لە خاڵی دووهەمیشدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە بەوەی لە سەرتاسەری دونیادا ڕابوونێکی ئیسلامی بنکە فراوانی وا دروست بووە کە جێگەی سەرنجی هەموو لایەکە، ئەم ڕابوونە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی گەنجی کوڕو کچی لە خۆ گرتووە، چ لەناو دونیای ئیسلامیدا و چ لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامیشدا وەك ئەمەریکاو ئەوروپاو ئوسترالیا..هتد .

ئەم ڕابوونە ئیسلامییە توانیویەتی وا بکات کە ڕای گشتی بەلای خۆیدا کێش بکات و هەموو داوای جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی بکەن و هێزە ئیسلامیەکان بەرن بەرەو سەنتەرەکانی دەسەلات لە وڵاتانی ئیسلامی و غەیری ئیسلامیشدا وەك (تورکیا)و (ئوردن) و (کوەیت) و (میصر) و (عێراق) و (یەمەن) و (مەغریب) و (مالیزیا)و... هتد .

ئەم ڕابوونە ئیسلامییە بەردەوام لە هەڵکشاندایە و هێزە عەلمەنیەکانی والێکردووە کە بەخۆیاندا بچنەوەو حسابیان بۆ بکەنو دەستکاری کەلتوری شۆڕشگێڕانەی خۆیان بکەن و دان بەوەدا بنێن کە شەرعییەت تەنها شەرعیەتی مێژویی نییە، بەڵکو شەرعیەتی یاسایی و ئەمری واقیع و شەرعیەتی خودایش بوونیان هەیەو ناکرێ باز بدرێت بەسەریاندا، ڕابوونی ئیسلامی لە بزاڤە ئیسلامیەکانیش زۆرترو فراوانترە و بەردەوام ئەندام و خەڵکی کارا ئەدات بە بزووتنەوە ئیسلامیەکان بە هەموو ڕەوتەکانیانەوە و هەر لە زیادبوونیشدایە .

ئەزموونە ئیسلامییەکان لە خاڵی سێهەمیشدا هەر سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بەوەی توانیوویەتی لە سەرانسەری دونیادا سەدان و هەزاران زاناو دانا و خەڵکی بە توانا دروست بکات کە کاریگەریان لەسەر سەنتەرەکانی توێژینەوە و دەسەڵاتداران و ڕێکخراوە زانستییەکان هەیە .

وەك پرۆفیسۆر (عبدالمجید الزندانی) و (زغلول النجار) و (رحمە اللە) ی هندی ... هتد لە بواری زانستیداو سەدانی وەك (محمد قطب) و (انور الجندی) و (ابی الحسن الندوی)... لە بواری فکردا و سەدانی تری وەك (عبد العزیز بن باز) و (ابوبکر الجزائری) و (محمد احمد الراشد) و (محمد العریفی)... هتد لە بواری بانگەواز و دەیانی تری وەك: (احمدی موفتی زادە) و (ناصری سبحانی) و (مەلا محمدی رەبیعی)... لە بوارەکانی شەریعەت و عەقیدەتدا، کە ئەو زانایەنە جگە لەوەی نموونەی جوانن بۆ ئیسلام و موسڵمانان، توانیویانە لە سەنتەرەکانی بڕیارو توێژینەوەدا قەناعەتەکان بگۆڕن و زاناو خوێندەوارەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی بە ئاگا بهێننەوە کە شارستانیەتێك بەڕێوەیە وز ژانی بوون ئەیگرێت و هاکا لە دایك بوو.

هەریەك لەو زانا بەرزانە بە دەیان هەڵوێستیان هەیە کە لەگەڵ خوێندەوارەکانی ڕۆژئاوادا مونازەرەو حیواریان کردووە لەسەر بابەتە ئیسلامیەکان و توانیوویانە سەرنجیان ڕابکێشن بەرانبەر ئیسلام و کەمەندکێشیان بکەن و بە ویست و ئیرادەی خۆیان

ئیسلامەتی ڕابگەیەنن و ناوی خۆیان بگۆڕن و بکەونە بانگەشە کردن بۆ ئەم دینە نوێیە .پرۆفیسۆر زەغلول النجار ئەڵێ: (لە سیمینارێکدا کە بۆ ماموستایانی زانکۆو قوتابیانی یەکێك لە زانکۆکانی لەندن گیرابوو، باسێکی وردی ئیعجازی زانستی قورئانم کرد، چەندین کەس سەرسامی خۆیان بۆ ئەو وردەکاریانە دەربڕی کە قورئان ئا بەو شێوە زانستیانە پێش (١٤٠٠)ساڵ باسیانی کردووە و چەند زانا لەوێدا شایەتمانیان هێناو بوونە مسوڵمان، لە یەکێك لە پرسیارەکاندا یەکێ پرسی: ئایا ئایەتی ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ﴾ القمر: ١. هیچ ئیعجازێکی زانستی تێدایە ؟ منیش وتم:

ئەوەندەی من ئاگام لێبێ تا ئێستا توێژینەوەیەك نەکراوە لەسەر ئەو ئایەتەو من ئەوەندە ئەزانم کە بەپێی ئایەتەکە و ریوایاتی صحیح لە پێغەمبەرەوە ﷺ، مانگ لە سەردەمی پێغەمبەردا وەك موعجیزەیەك بۆ ئەو لەت بووە و پاشان یەکیان گرتۆتەوە ..

کە من ئەمەم وت گەنجێك هەستایەوە و وتی: جەنابی دکتۆر ! من چیرۆکێکم لەگەڵ ئەو ئایاتەدا هەیە و ئەگەر مۆڵەت هەبێ حەز ئەکەم باسی بکەم، منیش وتم: بە خۆشحاڵیەوە ! گەنجەکە وتی: من کەسێکی مەسیحی بووم، ئینجیلم ئەخوێندەوە، هاوڕێیەکی مسوڵمانم هەبوو ڕۆژێکیان قورئانێکی تەرجمە کراوی ئینگلیزی پێدام و پێی وتم کە بیخوێنمەوە، منیش کە بردمەوە بۆ ماڵەوە

یەكەم جار كە كردمەوە چاوم كەوتە سەر ئەو ئایەتە كە ئەفەرموێ: ﴿اَقْتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلْقَمَرُ﴾ القمر: ١. كە ماناكەیم خوێندەوە ئەڵێ: قیامەت نزیك بووەتەوە و مانگیش لەت بوو .

وتم: یانی چی مانگ لەت بووە، ئەمە كەی لەگەڵ ئەقڵ و زانستدا ئەگونجێ، نایشارمەوە پاش ئەو چەند دێڕە قورئانەكەم داخستەوەو وتم: دیارە قورئانیش وەك كتێبەكانی تر پڕە لە خورافات و شتی نازانستی و نامەنطقی!

چەند ساڵی پێچوو ڕۆژێكیان سەیری بەرنامەیەكی زانستی كەناڵی تەلەفزوێنیم ئەكرد، چاوپێكەوتنی لەگەڵ دوو كەسدا دەكرد لەوانەی كە لە گەشتێكی ئاسمانی گەڕابوونەوەو باسی گەشتەكەیان ئەكرد بە درێژی، كابرای پێشكەشكار باسی خەرجی گەشتەكەیانی كرد، ژمارەیەكی خەیاڵیان وت كە وای لە پێشكەشكارەكە كرد كە بپرسێ باشە ئەو هەموو پارەیە خەرج ئەكرێ تەنها بۆ ئەوەی گەشتێك بۆ ئاسمان بكرێ وپەرچەمی ئەمەریكا لەوێدا هەڵبكرێ..

یەكێك لە میوانەكان وتی: لە گەشتی ئەمجارەماندا شتێكی زۆر سەیرمان بینی كە زانایان سەری لەبەر دەرناكەن ! بینیمان مانگ لە ناوەڕاستیدا پشتێنەیەكی هەیە كە مادەی پشتێنەكە لە مادەی سەرەكی مانگ ناچێت و وەك ئەوە وایە كاتی خۆی ئەم مانگە لەت بوونێكی بەسەردا هاتبێت و بەو مادە جیاوازە لەحیم كرابێتەوەو نوسێنرابێتەوە بە یەكەوە !!

گەنجەکە وتی: کە ئەمەم بیست لەسەر کورسیەکەم هەڵبەزیم و وتم: ئەریٚ وەڵلا ! قسەکەی محمدە وموعجیزەکەی ئەو سەلماو ئەوەی ئەو ووتویەتی ڕاستە !! بۆیە خێرا پەلاماری قورئانە ئینگلیزیەکەم دا لەسەر ڕەفەکە کە تۆز گرتبووی کردمەوە و جارێکی تر خوێندمەوە بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێك و ڕاستەو قسەی خوایە و ئەم سورەتەی (القمر) بوویە هۆی موسڵمان بوونم[1]

ئەزموونە ئیسلامیەکان لە خاڵی چوارەمیشدا هەر سەر کەوتنی بەدەست هێناوە، ئەوەتا ڕەوەندە ئیسلامیەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئولفەت و خۆشەویستیان بۆ دروست بووە لەگەڵ میللەتانی ئەوێدا، کارەساتی گەورەی ١١/سێبتێمبەر نەك نەبوو بەهۆی لاوازکردنی ئەو پەیوەندیانە بەڵکو بوو بەهۆی دەربڕینی هاوسۆزی بەرانبەریان کە ئێمە لە بەشی پێشوودا چەند هەڵوێستێکمان باس کرد لەوانە شەوێکیان موسڵمانانی شاری (بوسطن) ئەچن بۆ نوێژی بەیانی سەیر دەکەن بەر دەرگای مزگەوت هەڵ دراوەتەوە بە چەپکە گوڵ وەك هاوسۆزییەك بۆ موسڵمانانی ئەو گەڕەکە .

ئەو پردە مەحکەمانەی کە لە نێوان موسڵمان و ناموسڵماندا هەیە بۆتە مایەی ئەوەی کە هیچ جۆرە هەستیاریەك لەو نێوانەدا

---

[1] موسوعة الاعجاز العلمی في القرآن الكريم و السنة المطهرة ، يوسف الحاج احمد ، ص ٣٢٢-٣٢٤ .

نەماوە وبە ئاسانی کاریگەری چاك لەسەریان دائەنرێ، ئەمە وای کردووە لە یەکێکی وەك (هانتگتۆن) کە ئاگاداری بداتە سەنتەرەکانی بڕیارو دەزگاکانی هەواڵگری بۆ ئەوەی کاریگەری ئیسلام و جالیاتی ئیسلامی لە سەر کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا نەمێنێ پێویستە (حساسیەت) دروست بکرێت بەرانبەریان و بەسەرچاوەی ترسناکی بدرێنە قەڵەم !

ئەم سیاسەت و شێوازی تەعامولەی موسڵمانان گرتویانەتە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگە نائیسلامیەکاندا بۆتە ئەزمونێکی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی قەناعەت پەیدا بکات کە زۆر نزیکە ڕۆژئاوا فەتحێکی ئیسلامی تازە بکرێت بەبێ ئەوەی سوپای ئیسلامی بچێتە ناوی .

ئەزموونە ئیسلامیەکان لە مەیدانی پێنجەمیشدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، ئەوەتا ئەزموونی بانکە ئیسلامیەکان ئەوەندە ناوبانگیان هەیە خوێندەوارو ئابووری ناسانی ڕۆژئاوا داوا دەکەن کە بنەماکانی ئابووری ئیسلامی وەربگیرێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم قەیرانە ئابوورییەی کە دونیای تێ کەوتووە .

مەرکەزە ئیسلامیەکان ئەزموونێکی گەورەن بۆ بازکردنی ئەقڵی خەڵکی بەڕووی ئیسلامدا، دەرگایەکی گەورەن ئەکرێنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ڕووبکەنە ئیسلام و هەموو پرسیارەکانیان لەسەر ئیسلام ڕووبکەنە هەڵسوڕێنەرانی ئەو مەرکەزانە، ئەو مەرکەزانە باشترین ئەزموونن بۆ (تعارف)و (تآلف) دروست کردن لەگەڵ کۆمەڵگە

نائیسلامیەکاندا، خەڵکی ڕۆژئاوا بەهۆی ئەو مەرکەزە ئیسلامیانەوە حاڵی بوون کە ئیسلام ئەو ئیسلامە نیە کە ڕاگەیاندنە مەرامدارەکان ئەیانەوێ بیان ناسێنن بە خەڵکی گوایە دینێکی ئیرهابیە و برەو بەکوشتن و خورافات ئەدات وموسڵمانان تاریکپەرستن و مافی ئەوەیان نیە گوێیان بۆ بگیرێت و سۆزیان پێ بدرێت !!

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَغۡلِبُونَ﴾ فصلت: ٢٦. کافرەکان ئەڵێن گوێ مەگرن بۆ ئەم قورئانە وە ژاوە ژاو دروست بکەن لە ناویدا بەڵکو زاڵبین بەسەریدا .

بزوتنــــەوە ئیســـــلامیەکانیش وەك ئــــەزموونێکی سیاســـــی پـەروەردەیش لـە زۆر شـوێندا سـەر کـەوتنیان بـە دەسـت هێنـاوەو بوونەتـە مایـەی ئومێدی کۆمەڵگـەکان و صـندوقەکانی دەنگـدانیش گـــەواهی ئــــەم ڕاســــتیە ئـــەدەن، بزوتنــــەوە ئیســــلامیەکان چ جیهادیــەکانیان و چ سیاســیەکانیان و چ خێرخوازیــەکانیان و چ زانسـتیەکانیان و چ بزوتنـەوە فکریـەکان شـان بـە شـانی بزاوتـە نیشتمانیەکان لە شۆڕش کـردن و ئاوەدانکردنـەوەدا بەشـداربوون و ئەوپـــەڕی پەڕێزپاکیشــــن لـــــە ڕووی دارای و ڕەوشــــتی و کۆمەڵایەتیشەوە..

ئــەو ئەزموونــە ئیســـلامیانەش جێگـــەی گرنگیــدانی تایبــەتی خۆیانن کە لەلایەن هەندێ کەسایەتی یان بزووتنەوە یان سـەنتەری ئیسـلامیەوە هەوڵـدراوە بـۆ بـە یاسـاکردن و دەسـتوریکردنی دەقە

ئیسلامیەکان بڕگە بڕگە مادەی یاساییان لیٚ دروست بکرێت، وەك (نظام الاسلام) تقی الدین النبهانی یان (صیاغة موجزة لمشروع الدستور الاسلامی) المودودی یان (الدستور الإسلامی) ابو بکر الجزائیری .

لە زانایەکیان پرسی کە لە ڕۆژئاوادا خەریکی ڕاڤەکردنی سیستەمی ئیسلامی بوو.. لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا سودی چیە خۆ خەریکی ڕاڤەکردنی درێژەی سیستمی ئیسلامیت و بۆ لەبری ئەوە خەریکی ڕاڤەکردنی (عقائد) یان (اخلاقیات)ی ئیسلامی نابیٚ؟ ووتی: من ڕام وایە کە پێویستە ئەم کۆمەڵگایانە هەر لە ئێستاوە بزانن ئێمە بۆ چ سیستەمێك بانگیان ئەکەین ئەگەر ئیسلام هات و حوکمی گرتە دەست چی پێیە بۆ ئەم کۆمەڵگایانە، چۆن خەڵك و وڵات بەڕێوە ئەبات، ئەو زانایە ووتی: ئەگەر ئەمان لە دەستورو یاسا ئیسلامیەکان حاڵی بوون باوەشیش ئەکەنەوە بۆ فەتحی ئیسلامی ..

(ئیتر فەتحی فیکری و ڕۆشنبیری بێت یان فەتحی سەربازی و جیهادی بێت) سەرکەوتنی ئەزموونە ئیسلامیەکان لە هەموو مەیدانەکاندا ئاماژەن بۆ ئەوەی کە داهاتووی هی ئەم کۆمەڵە خەڵکەیە کە باری خەمی ڕاستکردنەوەی چەمکە مەعریفەکان و هەڵسوڕاندنی ڕابوونی ئیسلامی و پاراستنی زاناو داناکان و توندوتۆڵکردنی پردی پەیوەندی نێوان میللەتان و وڵاتان و برەودان بە ئەزموونە ناوازەکانی هەڵگرتووە و هەر واش ئەبێت: داهاتووی هی خەڵکی بە خەم ئەبێت نەك خەڵکی خەم سارد .

## پێنجەم: خەڵکی هەموو تینوون بۆ ئیسلام و پێویستیان پێی هەیە

دکتۆر هۆفمان کە ڕۆشنبیرێکی گەورەی ناو ڕۆژئاوایەو پاش عەودالیییەکی زۆر بەدوای ڕاستەقینەدا، خوا هیدایەتی دا ئەم دکتۆر هۆفمانە ماوەیەك سەفیری ئەڵمانیا بوو لە جەزائیرو مەغریب، ئەم بەڕێزە پاش موسڵمان بوونی چەند کتێبێکی گرنگی نووسی لە وانە (الاسلام هو البدیل) و (طریق فلسفی الی الاسلام) و (الاسلام عام ٢٠٠٠م)، دکتۆر هوفمان لەو کتێبانەدا وەك زۆرێکی تر لە زانایان و بیریارانی ڕۆژئاوا دیدی خۆیان باس ئەکەن دەربارەی دەردو نەخۆشییەکانی رۆژئاوا و بە دڵنیایشەوە چارەسەر تەنیا لە ئیسلامدا ئەبیننەوە .

هۆفمان ئەڵێ: (ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا خاکێکی تینوون بۆ ئیسلام کە ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر بڵاو ئەبێتەوە ... ئێستا ٢٠٪ی مامۆستایانی کۆلێژی پزیشکی لە ئەمریکادا موسڵمانن و لاوانیش زیاتر لە ڕۆژئاوادا دێن بەرەو ئیسلام و بوار ڕەخساوە بۆ ئیسلام کە ببێتە یەکەم ئاین لە سەدەی نوێدا لە هەموو جیهاندا) هەروەها ئەڵێ (شارستانێتی ڕۆژئاوا ماددی و مولحیدەو ئەوروپا مەسیحی نین، ئەم شارستانیەتەش زۆر دیاردەی ترسناکی هێناوەتە کایەوە وەك: هەڵوەشاندنەوەی خێزان و خۆپەرستی و خۆخۆی و ئەگەر بەها

بالاَّكانی بەرنامەی ڕاستەقینەی خوا فریای نەکەوێت ئەوا لەناو خۆیدا ئەڕمێ) ... پاشان ئەڵێ: (شایەنی باسە کە قوئانی وەرگێڕدراو بۆ ئینگلیزی لە سەدا هەزار چاپکردنی زیادی کردووە)!! .. (ڕۆژئاوا ئیسلام بە تیرۆر تۆمەتبار ئەکات ئەمەش پاڵ بە خەڵکەوە ئەنێت کە بگەڕێن بەدوای ئیسلامداو لێی حاڵیی بن،ئەمەش فرسەتێکی چاکە و بەو بۆنەیەوە قەناعەت ئەکەن کە ئیسلام هەقە) ! (بەسەیر کردنێکی قوڵ و وردبوونەوە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، من زۆر گەشبین ئەبم کە ئیسلام تاقە (بدیل)ە ..)[1]

ژنە زانای فەڕنسی (ئیفالاماك دیمترا) ئەڵێ: (دیاردەی هاتن بەرەو ئیسلام لەئێستادا شایەنی لەسەر وەستانە، پابەندبونی لاوانی ڕۆژئاوا بە ئیسلامەوە سەرئەنجامی ئەوپرسیارانەیە کە لە دڵ و دەرونیدا هەیە و لە ئیسلامدا نەبێت وەڵامەکانیان دەست ناکەوێت ... لە ڕابردوودا زیاتر زانایان و مامۆستایان و توێژەران دەهاتن بەرەو ئیسلام بەڵام ئێستا هەموو چین و توێژەکان دێن بەرەو ئیسلام ..) المعجزة المتجددة: ص٤٩ .

ئەوانەی کە موسڵمان ئەبن هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە سەرسام بوون بە ئیسلام، یەکێك لەسەر ئەوە موسڵمان بووە کە بینیویەتی ئیسلام لە هەموو دینێکی تر زیاتر مافەکانی ئافرەت ئەسەلمێنێ و

---

[1] المعجزة المتجددة ، ل ٣٢٥ .

خەمی ڕێزو ژیان و دونیاو ئاخیرەتی ئەخوا، یەکێك لەبەر ئەوەی بۆی دەرکەوتووە ئیسلام مایەی بازکردنی ئەقلّ و بیرە لە مرۆڤدا، یەکێکی تر هەستی کردووە ڕۆحی مرۆڤ تەنیا بە ڕێنماییە ئیسلامیەکان تێر ئەبێت، ئەوی تر بۆی دەرکەوتووە کە ئیعجازە زانستییەکان هەموو پاڵپشتی قورئان و حەدیس ئەکەن، ئەوی تر بە لێکۆڵینەوە گەیشتۆتە ئەوەی کە ئیسلام یەك مەنزومەی تەواوی لە تەعلیمات پێیە بۆ دروست کردنی شارستانێتیەکی مرۆیی بیوێنە.

* * *

## شەشەم: ڕاستی ئیسلام و موعجیزەکانی قورئان و حەدیس بەردەوام دەرئەکەون

یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی وا دەکات قەناعەتمان دابمەزرێ بەوەی کە داهاتووی بۆ ئەم ئیسلامەیە ئەوەیە کە بەردەوام لە ئاسۆدا ڕاستی ئیسلام دەرئەکەون و خەڵکی بۆیان ڕۆشن ئەبێتەوە کە ئەوەی خوا لە قورئانداو ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەکانیدا فەرمویەتی ڕاستن و تەریبن لەگەڵ عەقڵ و زانستداو باوەش بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەم مرۆڤە ئەکەنەوە !! ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگە دەیان و بگرە سەدان کتێبی گەورەو بچووکی لەسەر نووسراوە و لە ئاستێکی زۆر بەرزدا قسەی لەسەر ئەکرێ وئێمە تەنیا یەك دوو نموونە باس دەکەین .

- مۆریس بۆکای ئایەتی: ﴿وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ﴾یس: ٣٨. سەرنجی ڕاکێشاو موسڵمانێتی خۆی ڕاگەیاند .

- شاژنی بەریتانیا گیری خوارد بە دەست نەخۆشیەکەوە لە سوریاوە دکتۆرێکی موسڵمان چوو بە (کەڵە شاخگرتن) چارەسەری کرد .

- توێژینەوەیەکیان کرد لە سەر ئەوەی کە نهێنی ئەم بەردە ڕەشە چیە کە ئەوەندە لای موسڵمانان خۆشەویستە، بۆیان

دەرکەوت کە یەکەم، ئەو بەردە لە هیچ بەردێکی دنیا ناچێت و دووەم، توانای وەرگرتن و دانەوەی شەپۆلی زۆر زۆرە !

د.عبد الباسط محمد السید کە پسپۆرە لە بواری پزیشکیدا ئەڵێ: (دکتۆر گارنەر) لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارچەیەکی بچووکی بەردە ڕەشەکەی وەرگرت و تاقیکردنەوەی لەسەر کردووە و پاشان ڕایگەیاندووە کە ئەم بەردە وێنەی نیە لەسەر زەوی و لە سەر خۆریش چونکە دەتوانرێ دوو ملوێن خەتی تەلەفۆنی لێ ببەسترێ[1].

شایەنی باسە کاتی خۆی حکومەتی بەریتانیا لە ڕێگەی ئەفسەرێکی هەواڵگری خۆیەوە لەڕێگەی حەجکردنێکی ساختەوە (رتشارد) ناوێکی تەرخان کرد کە فرسەت بهێنێ و پارچەیەکی بچووك لەو بەردە ڕەشە بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تاقیگەوە بیسەلمێنن: ئەوە خورافاتە کە بەردە ڕەشەکە لە بەهەشتەوە هاتبێ!!

رتیشارد لە کاتێکی چۆڵدا و لە حەجێکی ساختەدا خۆی گەیاندە بەردە ڕەشەکە ونموونەیەکی لە بەردەکە وەرگرت وبە ڕێگەی تایبەتی خۆی گەیاندیە دەستی مۆزەخانەی بەریتانیاو زانایان کەوتنە توێژینەوە لێی کە ئەنجامەکەیان دایەوە بە رتیشارد بەوەی ئەم بەردە نە هی زەویە و نە هی کۆمەڵەی خۆریشە، رتیشارد

---

[1] ژیانەوە ، ئەندازیار عوسمان ، ل ٣٠٣ لە کەناڵی (المجد) بەرنامەی (ساعة حوار)ی مانگی ٢٠٥/١ وەریگرتووە .

لە هۆش خۆی چوو!! پاشان خۆی بۆ نەگیراو موسڵمان بوو هات ئەم گەشتەی خۆی لە گومانەوە بۆ باوەڕ لە دوو بەرگ کتێبدا نوسی بەناوی (رحلة الی مكة المكرمـــة)، تێیـدا ئەو پلانەی ئینگلیز ئاشكرا ئەكات كە چۆن ویستویانە بەو ڕێگەیە ئیسلام بكوژێننەوە[1].

* * *

[1] بەهاری دڵان، ل ٧٢ .

## حەوتەم: موسڵمان بوون بۆتە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش

شالأوی موسڵمان بوون لە ڕۆژئاوادا بۆتە جێگەی سەرنجی هەموو لایەك تەنانەت ئەو سەربازانەی ڕەوانە ئەکرێن بۆ هەڵسوڕاندنی شەڕو ئاژاوەکانی جیهانی ئیسلامی هەر ئەوەندەی موسڵمانێك دەمی پێیان دەگات خێرا قەناعەت بە ئیسلام ئەکەن و موسڵمان ئەبن .

– دکتور زەغلول نەججار ئەڵێ: توانیمان بە فەزڵی خواوە لە پێنج سەد هەزار سەرباز و ئەفسەر کە هاتبوونە ناوچەی کەنداو، بیست هەزاریان لێ موسڵمان بکەین لە پیاو و لە ئافرەت .. زۆریان چوون بۆ حەج و عومرە کردن، هەیان بوو نیوەی مووچەکەیان ئەبەخشی بۆ هەدیە کردنی قورئان و بەخشینەوەی بەسەر هاوەڵەکانیاندا لە ئەمریکا[١].

موسڵمانبوون لەڕیزی هونەرمەندو گۆرانیبێژاندا بووەتە دیاردە.. لە ڕیزی زانایان و توێژەراندا بووەتە دیاردە.. لە ڕیزی ئافرەتاندا بووەتە دیاردە.. لە ڕیزی خەڵکانی هەژارو بێنەوادا بووەتە دیاردە.. تەنانەت موسڵمان بوون لە زیندانەکاندا بووەتە دیاردە.. موسڵمان بوون لەناو سەربازە شەڕکەرەکاندا بووەتە دیاردە .. لەمانە سەیرتر

---

[١] القوانين القرآنية للحضارات ، ص ٢٣٥ .

خەریکە موسڵمان بوون لەناو قەشەو پیاوانی ئاینی و نزیکەکانی ڤاتیکاندا ئەبێتە دیاردە..

- لە کوردستاندا ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو سەربازە کۆریانە موسڵمان بوون کە هاتبوونە هەولێر...

- بەیەك جار (٣٠) قەشەی فاتیکان موسڵمان بوونی خۆیان ئاشکرا کرد .

ئەم دیاردانە وای کردووە کە پیاوەئاینیە توند ڕەو یان ڕەگەز پەرستەکانی ئەوروپا بکەونە پەلە قاژەکردن ..

- قەشەی خانەنشین (رولاند فیسلیبرج) لە ڕۆژی چوار شەمە، ٢٠٠٦/١١/١ لە گۆڕەپانی کەنیسەی شاری (ایرفورت)ی ئەڵمانی دا نەوتی کرد بە خۆیدا و خۆی سوتاند، هاوسەری ناو براو ئەڵێت: مێردەکەم لە نامەیەکدا کە لە پاش خۆی بەجێی هێشتبوو ئەڵێت: لە داخی بڵاوبوونەوەی ئیسلام خۆم سوتاندووە تا بەم ڕووداوە سەرنجی گەورەکانی ئەوروپا ڕابکێشم بەرەو مەترسی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەسەرتاسەری جیهاندا !.

- ئامارەکان ئەڵێن: ساڵانە زیاتر لە شەست کەنیسە لە بەریتانیا دائەخرێن و لە ماوەی (٣٠) ساڵدا زیاتر لە (١٦٢٦) کەنیسە داخراوەو هەندێکیان کراونەتە هۆڵی شایی و ئاهەنگگێڕان .

- لە بەرانبەر ئەمەشدا ژمارەی موسڵمانان و مزگەوت لە ڕۆژئاوادا بەردەوام زیاد ئەکات و فرۆشتنی کتێبی ئیسلامی زیاد دەکات .

هەموو ئەمانەش بەڵگەو ئاماژەن کە داهاتوو هی ئەم دینەیە و ئەبێت ئەم دینە پاشەڕۆژی مرۆڤ بگرێتە دەستی و لەو زەحمەت و ماڵوێرانیەی کەوتۆتە ناوی ڕزگاری بکات .

* * *

## هەشتەم: خوای گەورە خاوەنی ئەم دینەیەو بەردەوام برەوی پێ ئەدات

هەندێك كەس وا ئەزانێت ئەگەر لە نێوان شەو ڕۆژێكدا دونیا هەڵ گەڕایەوەو هاوكێشەكان پێچەوانە بوونەوەئەو كاتە ئیتر داهاتوو ئەبێتە داهاتووی ئیسلام و موسڵمانان !!ئەمانە وائەزانن موسڵمانان خاوەنی ئیسلامن یان ئیسلام زادەی بیرو بیركردنەوەی موسڵمانانە ! نازانێ ئیسلام دینی خوایەو ئەوە دەرگای فەتحی لێ دەكاتەوەو ولاتی بۆ كەمەندكێش ئەكات و عەشقی ئەخاتە ناو دڵان و ئیرادە پتەوەكانی لە دەور كۆ ئەكاتەوەو بەرەكەت ئەخاتە كارەكانیان و تۆڵە لەوانەش ئەسەنێ كە بە چاوی خیانەتەوە سەیری ئیسلام ئەكەن و پیلانی لێ دەگێڕن و بەردەوام ئەو جۆرە كەسانە ئەكاتە عیبرەت بۆ خەڵكی .. دكتور مصطفی سوباعی چەند جوان ئەفەرمووێت (ئەو نەوەیەی دەستی خوا بیچێنێ دەستی مرۆڤ ناتوانێ بیدورێتەوە[1]) !

عبداللەی كوڕی عەمری كوڕی عاص چووە ناو مزگەوتێك و بینی بە تەمەنەكان سەریان كردووە بەیەكدا باسی حیكمەت و زانست ئەكەن و گەنجەكانیش دووریان لێ گرتووە، لە بەتەمەنەكان نزیك بۆیەوەو فەرمووی: ئەوە لەبەرچی ئەو گەنجانەتان لە خۆتان دوور

---

[1] هكذا علمتني الحياة ، مصطفى سباعي ، ص ٧٦ .

خستۆتەوە؟ووتیان: ئەوان جاریٚ منالٚن و لەم بابەتانە باش تیٚناگەن،عبدالله فەرمووی: ﴿كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبۡلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ﴾ النساء ٩٤. ئیٚوەش کاتی خۆی هەروا بوون و خوا منەتی کرد

بەسەرتانداو فیٚری شتی کردن .. ئەو گەنجانە لە خۆتان نزیك بکەنەوەو فیٚریان بکەن و پەروەردەیان بکەن چونکە من لە پیغەمبەری خوام ﷺ بیستووە کە ئەیفەرموو: ( لایزال الله یغرس لهذا الدین غرسا یستعملهم فی طاعتة[1]) واتە: خوای گەورە بەردەوام نەمام ئەنیٚژیٚ بۆ ئەم دینەو بەکاریان ئەهیٚنیٚ لە خزمەتکردنی ئاینەکەیدا ..

– خوای گەورە بەرەکەت ئەخاتە ناو موسلٚمانان (ژمارەیان، کاریان، قسەو وتارەکانیان) ..

– لە فەرەنسادا ژمارەی موسلٚمانان لەم چەند سالٚەی ڕابردوودا گەیشتە نزیکەی (٥) ملیۆن کەس .

– لە بەریتانیاشدا سنوری دوو ملیونیان بڕی و سالٚی نزیکەی دوو هەزار کەس لە بەریتانیە ئەسلٚیەکان موسلٚمان دەبن .

---

[1] رواه احمد و ابن ماجه و ابن حبان ، الموضوعات الكبرى ، علی القاري ، تحقیق : عبدالفتاح ابو غدة ، ص ١٠٨ .

- لە ئەمریكا موسڵمانان چوونەتە سەروو سیازدە ملیۆن موسڵمان و ژمارەی مزگەوتەكان زیاتر لە دوو هەزار مزگەوتە و تەنیا لە نیۆركدا (١٧٥) مەركەز و مزگەوت هەیە !

دكتۆر عادل الشیوخ لە وتارێكدا بە ناوی (المبشرات)دا ئەڵێ: ئەگەر موسڵمانان بانگەوازیش نەكەن لە داهاتوودا ئۆتۆماتیكی دەبن بە زۆرینە لە ڕۆژئاوادا، و هۆكەشی لای ئەو ئەوەیە كە: ئەوروپیەكان منداڵیان ناوێت یان زۆر بە كەمی ئەیانەوێت و موسڵمانانیش ژمارەیەكی زۆرتریان منداڵ دەبێت و بەو جۆرەش بەردەوام ڕێژەیان زیاد ئەكات (بەهاری دڵان /ل٢٣٤).

- خوای گەورە بەرگری لە دینەكەی ئەكات و تۆڵە لە خەڵكی بێحەیا ئەسێنێتەوەو نایەڵێ دینی ڕاستەقینەی خوا سوك بكەن و بەری لێبگرن ..

- لە بنكەیەكی سەربازی توركیادا ئاهەنگێك گێڕدرا كە نزیكەی (٣٠) جەنەڕاڵی توركی و (٣٠) جەنەڕاڵی ئەمریكی و (٣٠) جەنەڕاڵی ئیسرائیلی تێیدا بەشداریان كردو ئافرەتی سەماكەریش بە گۆرانی و سەماكردن ئاهەنگەكەیان گەرم كردبوو.

لەناو ئەو شەیتان بازاڕەدا جەنەڕاڵێكی عەلمانی توركی داوا لە (نقیب)ێكی توركی بەر دەستی ئەكات كە قورئانێك بهێنێ .. كاتێك ئەی هێنێ، جەنەڕاڵەكە پێی دەڵێ: بخوێنە، ئەویش هەندێك ئەخوێنێ پاشان ئەڵێ: بۆشمان مانا بكە..

(نقیب)ە کە ئەڵێ: نازانم، جەنەڕاڵە عەلمانیەکە بە توندی قورئانەکەی لێ وەردەگرێت و ئەیدڕێنێت و فڕێی ئەداتە ژێر پێی سەماکەرەکان و بەوپەڕی بێ ئەقڵیەوە ئەڵێ: کوا خوا کە ئەڵێ قورئان دەپارێزم دەبابێت بیپارێزێت !!

نەقیبەکە لە ترسانا ڕائەکاتە دەرەوە و بنکەکەی بەجێ هێشت و لەبەر خۆیەوە ئەیووت خوا غەزەبمان لێ دەگرێ ! ئەوەندەی نەخایاند بنکە سەربازیەکە بە هەموو جەنەڕاڵ و میوان و خەڵکە بێحەیاکەوە نغرۆ بوو لە چەند چرکەیەکدا کە نزیکەی سێ هەزار کەسی تێدا بوو .

ڕۆژنامە تورکیەکان ئەم هەواڵەیان بۆ ڕۆژی دوایی بڵاو کردەوەو ئەو نەقیبەش بەهۆی ئەو تۆزە ئیمانەوە ڕزگاری بوو بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم ڕوداوە بگێڕێتەوە، ئەم زەمین لەرزەیە تەنیا (٥٠) چرکەی خایاندو بەو کاتە کەمە (٤٥) هەزار کەسی کوژراو و بریندار کردو (٢٠٠) هەزار کەسی ئاوارەو بێ لانە کردو نزیکەی (٢٥) ملیار دۆلار زیانی گەیاند بە ئەو شارە کە شارێکی پیشەسازی گەورەی تورکیا بوو[١].

- ڕۆژنامەی (جسکیاتاف کوبو)ی نەیجیری ئەڵێ: مژدە دەرێکی هەڵگەڕاوەی لای خۆیان کە لێوان لێو بووە لە ڕقو کینەدا بەرانبەر بە ئیسلام وناوی (غیمۆ)یە، ڕۆژێك لەناو کۆمەڵێك گاوردا لە کەنیسەی

[١] مجلة الاسرة ،عدد : ٧٦ سنة ١٤٢٢ ه .

(بابتیس)دا بە تەحەداوە ئەڵێ: (داوا ئەکەم لە خوا ئەگەر ئەم ئیسلام و قورئانە هەقە ئەوە من نەگەمەوەماڵەوە و بمکوژێ) ... خوای گەورەش (لبالمرصاد)ە بۆ ستەمکاران .. لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە لە جۆگەلەیەک ئەپەڕێتەوە قاچی ئەخلیسکێ و ئەکەوێتە ناو جۆگەکە و ئەمرێ !

پاش تۆزێك یەکێکی تر بە هانایەوە ئەچێ و لە جۆکەلەکەدا دەری بهێنێ ئەویش بە قودرەتی خوا لەناو جۆگەکەدا ئەمرێ !! کۆمەڵێك لە کەنیسەکەوە دێن و جەنازەکان ئەبەنە نەخۆشخانە و هەواڵەکە بڵاو دەبێتەوە بە شارو وڵاتداو لە ئەنجامدا چوار لادێی نەیجیربا موسڵمانێتی خۆیان ڕادەگەیەنن کە بریتین لە (فال) و (سیوا) و (غراتی) و (موب) .

- هەر هەمان ڕۆژنامە ڕوداوێکی تری لەو جۆرە بڵاو دەکاتەوە کە کورتەکەی ئەوەیە: قەشەیەکی ئەوروپی بە ناوی (رفلینت و لفی بروث) نوسخەیەکی قوئان ئەسوتێنێ و سوکایەتی پێ ئەکات، ئاگرەکە پەلاماری دەستی ئەدات و خۆشی ئەسوتێنێ و تا ئەیبەنە نەخۆشخانە ئەمرێت[١].

---

[١] المعجزة المتجددة ، ص ١١٦ .

## نۆیەم: خوای گەورە وادە و مژدە ئەدات بە خەڵکی کە داهاتوو هی ئیسلامە

ئێمە بە مەبەستەوە لەم دوو خاڵەی کۆتایدا باسی وادە و مژدەکانی خوای موتەعال و پێغەمبەر ﷺ بکەین لەبەر ئەوەی کە (ختامە مسك) بێت ولە زەینی خوێنەردا نەخشەبکێشێ و بەردەوام لە بیریدا بێت .

خوای گەورە لە زۆر ئایەتی قورئاندا موژدەی ئەوە ئەدات بە موسڵمانان کە داهاتوو هی ئەوانە ئەگەر صالح و خواناس بن ولە تاقی کردنەوەکانی خوادا دەربچن.. ﴿وَلَوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَاْ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ﴾ محمد: ٤. ئەگەر خوای گەورە بیەوێ دینی خۆی زاڵ ئەکات و تۆڵە لە کافران ئەسەنێت بەڵام ئەیەوێ هەندێکیشتان بە هەندێکی ترتان تاقیبکاتەوە .

-خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ﴾ الصف: ٩. خوا ئەو خوایەیە کە پیغەمبەرەکەی بە هیدایەت و دینی ڕاستەقینەوە ناردووە بۆ ناو خەڵکی تا زاڵی بکات بەسەر هەموو ئاینەکانی تردا با خەڵکی موشریك هەر پێیان ناخۆش بێت، کەواتە

سەیر نیە کە موسڵمانان بە قەناعەت و دڵنیاییەوە بڵێن: داهاتوو هی ئیسلامە .

- خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ الصف: ٨ . ئەیانەوێت نوری خوا بکوژێنەوە بە دەمیان (فوی دەم یان قاڵەقاڵی دەم) بەڵام خوا ئەم نورەی خۆی تێرو تەواو دەکات با خەڵکی کافر هەر پێی ناخۆشبێت.. کەواتە سەیرنیە موسڵمانان بەردەوام بە هیوابن کە لە هەر کوێدا ئەم دینە کزیەك ڕووی تێ بکات زۆر نەبات پڕتە و ببێتەوە تێرو تەواو ببێتەوە بێئەوەی هەوڵێکی واشی بۆ درابێت!!.

- خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ۚ﴾ النور: ٥٥.

خوا وەعد ئەدات بەو ئیماندارانەی ناوتان کە خەریکی کاری چاکە کردنن بە دڵنیاییەوە ئەیانکاتە خەلیفە و کاربەدەست لەزەویدا وەك چۆن خەڵکانی پێش ئێوەی کردە خەلیفەو کاربەدەست، خوای گەورە بە دڵنیایشەوە جێداراتان ئەکات لە زەویداو ئەو دینەی کە ڕازییە لێی وبۆی هەڵبژاردوون، بەرقەرار ئەکات و بە دڵنیایەوە ترسەکانتان ئەگۆڕێت بە ئاشتی و

نەترسانەوە عیبادەتی خوای خۆیان ئەکەن و هیچ جۆرە هاوەڵێکم بۆ بڕیار نادەن..

کەواتە ئەوە خەیاڵ نیە کە خەڵکی موسوڵمان چاوەڕوانی داهاتویەکی گەش بکات بۆ ئیسلام و موسوڵمانان .

- خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَا ۖ نَصْرٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ الصف: ١٣.

- شتێکی تریش هەیە کە ئێوە حەزتان لێیەتی و پێتان خۆشە (خوا بۆتان بکات و وادەتان پێ بدات) ئەوەیە کە ئاگاداربن سەرکەوتنێکتان لە خوا بۆ دێت و فەتحێکی نزیکتان دەست دەکەوێت.

ئەم ئایەتەش وادەیەکی بەردەوامە و سەیر نییە کە ئەم هەموو فتوحاتە ڕۆشنبیری و شارستانی و سەربازییە بە بەردەوام ڕووی لە موسوڵمانانە .

ئەم وادانەی خوا بێهودە نین، خوا پێچەوانەی قسەکانی خۆی ناجوڵێنێتەوە (ان الله لا یخلف وعده)... ﴿فَمَنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ ال عمران :٩٤.

ئەگەر لە شوێنێکداو بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراوی شوێنێك ئەو وادانە نەهاتنە دی ئەوە کەموکورتی لە موسوڵمانەکانی ئەو شوێن و سەردەمەدا هەیە نەك لە وادەکانی خوادا، هەرکاتیش ئەو کەم و

کوڕیانە چاك کران، خوای گەورەش گۆڕانکاری و سەرکەوتن و فەتحی خۆی ئەنێرێتەوە بۆ ئەو موسوڵمانانە..

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ ﴾ رعد: ١١.

بە دڵنیاییەوە خوای گەورە بارو حاڵەتی هیچ میللەتێك ناگۆڕێ، تا ئەوان هەڵنەسن بە گۆڕینی بارو حاڵەتی دەروونی و واقعی خۆیان. ئەگەر ئەوان وایان کرد خوای گەورەش وا ئەکات.

* * *

## دەیەم: پێغەمبەریش ﷺ ئەو مژدانە ڕوونتر دوپات ئەکاتەوە

فەرمودەیەکی زۆری پێغەمبەری ئازیز ﷺ هەیە کە ئەیسەلمێنێت داهاتوو بۆ ئەم ئیسلامەیەو حەتمەن ئەبێت ئەم دینە بگاتە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم دونیایەو هەموو خەڵکی سەری بەندایەتی بخەنە سەر زەوی بۆ خوا بە پەیڕەوی کردن لەم دینە .

ئێمە تەنیا چەند فەرمودەیەکی ڕوون و ئاشکرا باس ئەکەین و هەرکەس ویستی شتی زیاتر بزانێ با بۆ نموونە سەیری (جند الله ثقافة وأخلاقاً)ی شێخ سعید حوی یان ( المبشرات بأنتصار الاسلام )ی دکتۆر یوسف القرضاوی بکات .

فەرمودەی یەکەم: سەوبان ڕیوایەت ئەکات کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (أن الله زوى لي الارض، فأريت مشارقها و مغاربها، وان ملك أمتى سيبلغ مازوى لى منها)[1] واتە خوای گەورە زەوی بۆ کۆکردمەوەو ڕۆژهەڵاتەکان و ڕۆژئاواکانم هەموو نیشاندرا، بینم دەسەڵاتی ئومەتەکەم ئەگاتە هەموو ئەو شوێنانەی بۆم کۆکرایەوە .

حەدیسەکە ڕوونی ئەکاتەوە کە خوای گەورە هەموو زەوی وەك تۆپێکی گۆی زەوی ناو پۆلێکی خوێندن لێکردوە کەوانەی

---

[1] رواه مسلم (٢٨٨٩) عن ثوبان .

جوگرافیای لەسەر دەخوێنرێ، بەو شێوەیە پێغەمبەر ﷺ هەموو شوێنەكانی نیشاندراوە و پێشی وتراوە كە دەسەڵاتی دینەكەت ئەگاتە ئەو شوێنەو ئەو شوێنەو ... هتد .

فەرمودەی دووەم: نوعمانی كوڕی بەشیر ئەڵێت حوزەیفە فەرمویەتی پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ:

(تكون النبوة فيكم ماشاء ان تكون ثم يرفعها اذا شاءْ ان يرفعها ثم تكون خلافة على منهاج النبوة فتكون ماشاء الله ان تكون ثم يرفعها اذا شاءْ يرفعها ثم تكون ملكا عاضا فيكون ما شاء الله ان يكون ثم يرفعها اذا شاء ان يرفعها ثم تكون ملكا جبرية فتكون ماشاء الله ان تكون ثم يرفعها اذا شاء ان يرفعها ثم تكون خلافة على منهاج النبوة: ثم سكت[1].

واتە / ئەم پێغەمبەرایەتیە لەناو ئێوەدا ئەمێنێتەوە ئەوەندەی خوا بیەوێ پاشان كەی ویستی هەڵی ئەگرێتەوە،پاشان خیلافەت لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی دێتە پێشەوە و لە ناوتاندا ئەمێنێتەوە ئەوەندەی خوا بیەوێ و پاشان خوای گەورە كەی ویستی هەڵیدەگرێتەوە و پاشان پاشایەتی چنگ بە سەر دەسەڵاتدا ئەگرێ و لەناوتاندا ئەمێنێتەوە ئەوەندەی خوا بیەوێ و كاتێكیش خوا ویستی لە ناوتاندا هەڵیدەگرێ و پاشان پاشایەتی زۆرە ملێ و

[1] رواه احمد في مسنده (١٨٤٠٦) ، الهيثمي (مجمع الزوائد : ١٨٩/٥) .

دیکتاتۆری دەست پێ ئەکاتەوە ئەوەندەی خوزا بیەوێ لە ناوتاندا ئەمێنێ و پاشان کە ویستی هەڵیدەگرێتەوە و پاش ئەمانە خیلافەت لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی دەست پێ دەکاتەوە ... دوای ئەمە ئیتر بێدەنگ بوو ..

ئەم فەرموودەیە قۆناغەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی کردووە بە پێنج قۆناغەوە:

١. پێغەمبەرایەتی .
٢. خەلیفەکانی ڕاشدین .
٣. پاشایەتی و پشتاوپشت کردن (بە ئاشتی) .
٤. پاشایەتی و پشتاو پشت گرتن (بە زەبرو زەنگ و دیکتاتۆری و کودەتا) .
٥. خیلافەتی ڕاشدی لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی .

دەی خۆ نکوڵی لەوە ناکرێ سەردەمی پێغەمبەرایەتی وخەلیفەکانی راشدین و پاشایەتی بە ئاشتی تەواو بووە و سەردەمی دیکتاتۆریەتیش وا خەریکە تەواو ئەبێت وە ماوە ئەم موعجیزەی پێغەمبەرە ﷺ بێتەدی، سەیر ئەوەیە لە ڕاپۆرتێکی مەجلیسی قەومی بۆ دیراسات و بحوسی ستراتیژی کە سەر بە (cia)ە وە لەلایەن هەزار کارشناسی ئەمریکیەوە ئامادەکراوە، پێشبینی ئەوە دەکات کە (٢٠٢٠)ی زاینی خیلافەتێکی ئیسلامی تازە دێتە کایەوە، سەیرتر ئەوەیە ترسی ئەوەیان نیە کە لە جەنگدا ئەدۆڕێن، بەڵکو ترسیان لەوەیە کە فیکری ئیسلامی فیکری

سەرمایەداری ئەڕوخێنێت و ئابڕوی ئەبات‌و ! شۆڕشێك دروست ئەبێت خەڵكی بە لێشاو بەرەو ئیسلام ئەڕۆن، ئەو پسپۆڕانە ئەڵێن: (ئەو دیموكرایەتیەتەی كە گەیشتووەتە ئەوەی ببێتە نموونە لە جیهانداو چاوی لێبكرێ، حەیای چووە بەهۆی هەڵسوكەوتی ئەمریكاو بریتانیاوە لە جیهاندا و لەو دیكتاتۆرانە لە مێژوودا ناویان دەركردووە ئەمانیش خراپتر لەوان ناو دەردەكەن ! ئەوەی موسوڵمانان نەیانتوانی لە پەنجا ساڵدا بیكەن بۆ ڕیسواكردنی دیموكراتیەت، ئەمریكا لە ماوەیەكی كەمدا دواى ١١/سێبتێمبەر كردی)[١] !!

فەرمودەی سێیەم: پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: فەتحی ڕۆما دەكەن پاش فەتحی قوستەنتینیە[٢] ئەوەی زانراوە كە محمدی فاتح فەتحی قوستەنتینیەی كرد لە ساڵی (١٤٥٣)دا و ماوەتەوە فەتحی (ڕۆما)ی پایتەختی ئیتاڵیا بكرێت و ئیسلام بچێتە ئەوێ و دەسەڵات پەیدا بكات .. ئەم فەتحەش مەرج نییە، وەك دكتۆر یوسف قەرزاوی ئەفەرموێ فەتحێكی سەربازی بێت، بەڵكو ئەكرێ فەتحێكی ڕۆشنبیری و فیكری بێت وەك چۆن ئەو هەموو وڵاتەی تر ئیسلام تێیدا بڵاو بوویەوەو گەشەی كرد و دەسەڵاتیشی پەیدا كردو یەك سەربازی موسوڵمانیش نەچوویە ناوی ...

---

١ بەرەو ئیسلام ، ئەندازیار عوسمان ، (٢/٦٦) .

٢ احمد (٦٦٤٥) الحاكم (٤/٥٥٥) .

فەتحی ئاشتیانەش لە ئیسلامدا ناوبراوە و لە قورئان و فەرموودەدا باسی هاتووە، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا﴾ الفتح: ١، مەبەستی پێی ئاشتینامەی حودەیبیە بوو، عومەر پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەم ئاشتینامەیە فەتحە ؟! دیارە ئەصحابی پێغەمبەر ﷺ بیروڕایان تا ئەو کاتە وابووە کە فەتح تەنها بە سوپا ئەکرێ و فەتح ئەبێت فەتحی سەربازی بێت[1].

بەڵێ ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٥) واتە پاش فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ بە زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵ لە شاری (ڕۆما) منارەی یەکەمین مزگەوت چوو بە ئاسماندا و بویە خێرو بەرەکەت بۆ ئەو وڵاتە ئەم مزگەوتەی ڕۆما لە جوانترین گەڕەکی شاردا دروستکراوە کە گەڕەکی (یاریولی)یە کە تەنیا (١٠)کم لە ڤاتیکانەوە دوورە، بە ماوەیەکی زۆر کەم یەک ملیۆن موسڵمان ئیسلامەتیان ڕاگەیاند و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی قەشە و پیاوانی کڵێسە لێیان بکەونە تەقە و بەردەرگای مەحکەمەیان پێ بگرن و بکەونە کێشە نانەوە بۆیان، بەڵام بە ئیزنی خوا سەر کەوتوو نەبوون.. نەک ئەوە بەڵکو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زیاتر لە (٥٠٠) گاوری کاسۆلیکی ئیسلام بوونی خۆیان ڕاگەیاند[2].

---

[1] تاریخنا المفترى عليه ، ص ٢٧٠ .

[2] المعجزة المتجددة ، ص ١٤٠ .

موسوڵمانانی ڕۆما چوار دەوری مزگەوتەکەیان کردووە بە باخ و باخات و گوڵ و گوڵزارو ئەوەندەی تر گەڕەکەکەیان ڕازاندۆتەوە، سەیر ئەوەیە شارەوانی ڕۆما ویستی لە دووری (١٥٠)م لە مزگەوتەکەوە کۆگای خۆڵ و خاشاك دابنێ و تێیدا کۆیبکاتەوە، خوا کردی ئەم هەوڵەشیان شکستی خوارد .

کەواتە دوور نیە ئەمجارەیان ئیسلام فەتحی ئەوروپا بکاتەوە بە فیکرو ڕوشتبەرزی و کەلتوری دەوڵەمەندی خۆی.. و موعجیزەکەی پێغەمبەریش ﷺ بێتەدی ..

فەرمودەی چوارەم: ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت ئەڵێت پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی (لاتقوم و الساعة حتی یقاتل المسلمون الیهود، فیقتلهم المسلمون حتی یختبیء الیهود من وراء الحجر والشجر، فیقول الحجر و الشجر: یا مسلم ! یا عبدالله ! هذا یهودی خلفی، فتعال فاقتله، الاّ الغرقد فأنه من شجر الیهود[1]. واتە / قیامەت نایەت تا موسوڵمانان لەگەڵ جولەکەدا بەشەڕدێن، موسوڵمانەکان هەڵمەت ئەبەن تا جولەکەکان لە پشت بەردو درەختدا خۆیان ئەشارنەوەو بەردو درەختەکان ئەڵێن: مسوڵمانینە ! عەبدەکانی خوا ! ئەمە جولەکەیە لە پشتی منەوە وەرن بیکوژن،

[1] رواه المسلم ، الفتن ، باب : في قتال المسلمین الیهود .

تـەنیا درەختـی (غەرقـەد) ئـەو هـاوارە ناکـەن چـونکە درەختـی جولەکەکانە .

ئەم فەرمودەیـە تێگەیشـتنێکی ئەوێ، ئـەم کوشـتارەی جولەکـە پێش هاتنی قیامەتە و ئەو کاتە جولەکە بەرەو فەڵەستین دێنـەوە و بـە شـوێن (دەجال)ەوەن، کەواتـە پـێش ئـەوە ئـەبێت ئـەم دەوڵـەتی ئیسـرائیلە لـەناو بچـێت و موسـوڵمانان فەڵەسـتینیان دەسـت بکەوێتـەوە و پاشـان جولەکـە پـەرش و بڵاوببنـەوە بـە دونیـادا بـۆ جارێکی تر،پاش ئەوە سەر لە نوێ خولیای گەڕانەوە بۆ فەڵەستین بکەوێتـەوە مێشـکیان و بکەونـەوە شـەڕکردن و ئـەوجا ئـەو شـەڕە ڕوبـدات کـە حەدیسـەکەی سـەرەوە باسـی ئـەکات.

هەندێك لە زانایان لەوانە (محمد أحمد الراشد) بە هاوکێشـەیەکی بیرکاریانە ی زۆر ورد لە ڕووی چەند ئایەتێکی قورئانەوە گەیشتۆتە ئـەو ئەنجامـەی ئیسـرائیل لـەلێواری لەناوچـوندایەو سـەر لـە نـوێ تەفرو تونای وڵات ئەبنەوە و شەڕو ئیرهاب وکوشتارو خوێنیان لە موسوڵمانان دورئەکەوێتەوە[١] ..

هەروەها ئامارەکانیش ئاماژە بەوە ئەدەن کە دەوڵەتی ئیسرائیل بەرەو ڕمان و تیاچوون ئەڕوات، گەندەڵی زیاد ئەکات تێیدا، ستەم و ستەمکاری تـا بێـت زۆر ئەبێت، لایـەنگران و دۆسـتانی بـەرەو کـەم

---

[١] بۆ درێژەی ئەم باسە سەیری (کۆ باسەکانی میحراب / شەماڵ موفتی) ، ل ٦٢١-٦٣٥ بکە .

بوونەوە ئەڕۆن، میلەتانی دونیا لێیان هەڵدەستێ لەبەر ئەو هەموو ستەم و قەسابخانانەی کە دروستیان کردووە بۆ میللەتی فەلەستین بەتایبەتی ..

ئەلدۆلف هیتلەر لە کتێبی (کفاحی)دا ئەڵێ: ( ئەوەی وایکرددوە کە من ڕقم لە جولەکە بێت ئەوەیە بە بەردەوامی خەریکی پارە کۆکردنەوەن بە هەموو ڕێگەیەکی لار و وێر، بۆم دەرکەرکەوتووە جولەکە لەپشت هەموو خانەکانی لەشفرۆشیەوەن و ئەوان بازاڕی بۆ دروست ئەکەن و..

هەروەها ئەڵێ: ( پاش ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی جوولەکەم بۆ دەرکەوت، دەستم کردە خوێندنەوە و توێژینەوە و بیروڕای سەرکردەکانیان، سەیر دەکەم لەبەردەم عەقیدەیەکدا خۆم ئەبینمەوە کە لەسەر ڕق و خۆپەرستی ڕاوەستاوە، عەقیدەیەك ئەگەر ڕێکە بدەیت بەرقەرار بێت بەشەرییەت ئەبات بە قوڕدا)[1] !! هەروەها ئەڵێت: ئەوهەندە جولەکەی کە دەستم بۆ نەبردوون ئەمەوێ لە داهاتوودا هەڵسوکەوتیان شایەت بێت لەسەر ئەوەی کە من پێی گەیشتووم!! لە ڕاستیشدا دەرکەوتووە کە جولەکە لە پشت هەموو ئەو بەرنامە خراپانەوەن کە میللەتان فێری سەماکردن و بەرەو بەڕەڵایی ئەبەن .. بۆ نموونە / بەرنامەکانی(سوپەرستار)[2] .

---

[1] انور الجندی، ص ١٩٧، القرن الخامس عشر الهجري، التحديات في وجه الدعوة الاسلامية و العالم الاسلامي .

[2] بەرەو ئیسلام (٣٤/٣٣/٢) .

سەنتەرێکی یەهودی لە ڕۆژئاوادا کە هەمووساڵێك ڕاپرسی ئەکات تا ئاستی دۆستان و لایەنگرانی جولەکە دەربخات، ئەمساڵ (٢٠٠٩) ئەو ڕاپرسیەی کرد ئەنجامەکەی ئەوەندە ترسناك بوو نەیانوێرا ڕاییبگەیەنن، چونکە لایەنگرانی جولەکە بە ڕادەیەك کەمبوەتەوە کە زەنگی ترسناکیە بۆیان..

لەم فەرموودانەی پێغەمبەری خواو و لەو ئایەتە پیرۆزانەی قورئان و لەو هەمووە ڕاستیەی ترەوە کە لە هەشت خاڵدا لە پێشەوە باسمان کرد ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بێگومان و دوودڵی، داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانی ئیسلام و ئەهلی ئیسلام ئەکات، ئەو ڕاستیانە هەموو ئاماژە بەوە دەکەن کە هاکا ئیسلام گەڕایەوە و جڵەوی پەروەردەو فێرکردن و سیاسەت و حکومکردنی گرتە دەست و بۆ جارێکی تر ئەم مرۆڤە ماندووە لە ژێر سێبەرە دینی ڕاستەقینەی خوادا ئاهێکی هاتەوە بەبەردا و قسەکەی (برنادشۆ)ش هاتە دی کە ئەڵێت: ( ان الغرب لن یجد أمامة خلال مئة سنة مفرا من أن یعتنق الاسلام، ان لم یعتنقة دینا، فسیعتنقة نظاماَ للحیاة ومنهجاَ للمجتمع)!!- انور الجندی- سەرچاوەی پێشوو ( ص٢٥٣)..

* * *

## وتەی کۆتایی

**خوێنەرانی بەڕێز !**

ئەم نامیلکەیەی کە لەبەردەستی ئێوەدایە بۆ ئەوە نوسراوە کە مۆمی هیوا داگیرسێنێ، هەموو تاریکەکانی عەولەمە ناتوانن ڕوناکی مۆمێك بکوژێننەوە .

ئەم نامیلکەیە بۆیە نوسراوە تا گەنج و لاوی ئەم کوردستانە بزانن کە:

١- ئیسلام لە شوێنێکدا کزبکرێت لە چەند شوێنێکی تردا هەڵئەداتەوە .

٢- دوژمنانی ئیسلام بە هەموو تواناکانیان نەیانتوانیوە بەربگرن لە هەڵکشانی ئیسلامەتی .

٣- ئەم نامیلکەیە کۆمەڵێك زانیاری تێدایە کە گەنجی موسوڵمان بێ منەت نیە لێی، بەڵکو پێویستی تێی دەکەوێت .

٤- ئەم نامیلکەیە کە مۆمی هیوا هەڵدەکات بێبەڵگە ئەو مۆمە داناگیرسێ بەڵکو ئەزانێت ئوممەتی ئیسلامی بەرەو هەستانەوە ئەڕوات، ئیمامی بەننا بەڕەحمەت بێت چەند جوان ئەفەرموێ: ( کل ماحولنا یبشر بالآمل رغم تشاؤم المتشائمین، انك ان دخلت علی مریض فوجدته تدرج من کلام الی صمت و من حرکة الی سکون شعرت بقرب نهایته و عسر شفائه واستفحال دائه، فأذا انعکس

الآمر واخذ يتدرج من صمت الى كلام ومن همود الى حركة شعرت بقرب شفائه و تقدمه في طريق الصحة والعافية)[١].

هەر بۆیە کە لە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە ئەبیتەوە دڵنیا دەبی بەوەی شەوی بێدینی خەریکە ئاوا دەبێت و ڕۆژی دینداری بە پیرەو لە ئایینی ڕاستەقینەی ئیسلام لە هەڵاتن و هاتندایە ..

ئەمەش خەیاڵپلاوی نییە.. ڕاستەقینەیەکەیە کە بەچاو هەردوو حاڵەتەکە ئەبینین، ئەم بەرەو هەڵاتن ئەڕوات و ئەویش بەرەو ئاوا بوون.

* * *

---

١ مجموعة الرسائل الامام الشهيد حسن البنا (الجزء الاول / ص ٥٦) .

## سەرچاوەکان:


- قورئانی پیرۆز، سەرچاوەی سەرەکی بیروڕای موسوڵمانان
- صەحیحی بوخاری
- رياض الصالحين
- ژیانەوە / ئەندازیار عوسمان
- تاريخنا المفترى عليه / يوسف القرضاوى
- بەرەو ئیسلام / (١)و(٢)و(٣)و(٤) / ئەندازیار عوسمان
- مجلة الفتوى / عدد ١٠٦ / عام / ٢٠٠٢م
- المجتمع / عدد ١٧٧٤ /٢٠٠٧م
- بەهاری دڵان / ئەندازیار عوسمان
- المعجزة المتجددة / ابو عبدالرحمن اليافى
- أين الخلل / د.يوسف القرضاوى
- قالوا عن الآسلام / د.عمادالدين خليل
- موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن والسنة /يوسف الحاج أحمد.
- القوانين القرأنية للحضارات /خالدفائق العبيدى
- هكذا علمتنى الحياة/السباعى
- الموضوعات الكبرى/على القارى /عبدالفتاح ابوغدة.
- مجلة الآسرة / عدد/٧٦ /سنة/ ١٤٢٢ه
- مختصر صحيح مسلم / البغا .

- مسند الإمام أحمد / أمام أحمد
- مجمع الزوائد / الهيثمى
- المستدرك / الحاكم
- کۆباسەکانی میحراب / شەماڵ مفتی
- القرن الخامس عشر الهجري / انور الجندى .
- مجموعة رسائل الآمام البنا / البنا .
- سود لە هەندێ شریت و گفتوگۆی تەلەفۆنیش وەرگیراوە با ئامارژەشمان پێ نەدابێت .

***

بۆ دەستکەوتنی نوێترین ئەو
کتێبانەی دەکرێن بە pdf سەردانی
ئەم ماڵپەڕە بکە

www.kurdishbook.tk







گۆرانیبێژی بەریتانی کات ستیفنس بوو بە یوسف ئیسلام





مایک تایسۆن، ملاکم




ئەکتەری فلیپینی (روبن بادیلا)
لە نەوەدەکاندا مسوڵمان بووە



یوسف کۆهین



## پڕۆژەی باشترین هاوڕێ

بەرهەمەکانی پڕۆژە

١- هاکا ئیسلام گەڕایەوە، ئەم کتێبەی بەردەستتان

٢- فەرهەنگی بانگخوازان، نوسینی: ئەندازیار عوسمان.

٣- بەرەو پەروەردەی ئیسلامی، نوسینی: ئەندازیار عوسمان.

٤- ڕامان لەقورئان، نوسینی: ئەندازیار عوسمان.

٥- بەخشین لەپێناوی خوادا، نوسینی: عەمر خالید، وەرگێڕانی: ڕوقیە صدیق.

٦- مانای ناوەجوانەکانی خوا، نوسینی: م. عمر نیزامی.

٧- گەڕانەوە لای خوا، نوسینی: علی باپیر.

٨- نائومێد نەبون لەسۆزو میهری خوایی، نوسینی: ئەحلام حەمە شەریف،

٩- باڵا پۆشی، ڕێگرەکانیو مەرجەکانی.

١٠- بگە بەکاروان، نوسینی: عبدالله عزام، وەرگێڕانی: باوکی عبدالرحمن.

١١- سەرداری مرۆڤایەتی (صلی الله علیه وسلم) ، نوسینی: مەلا ئەحمەدی شەریعە.

١٢- سەروەرانمان لەمێژوودا، نوسینی: د. مصطفی سباعی، وەگێڕانی: ڕوقیە صدیق.

١٣- مامۆستاکەم بەم شێوەیە فێری کردین، نوسینی: د. عائض قرنی. وەرگێڕانی: ئامینە صدیق.

١٤- تیرۆژێك لەكەسایەتیو ڕەوشتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ئامادەكردنی: یاسین زەنگەنە.

١٥- سودەكانی هاوڕێیەتی پیاوچاكان، ئامادەكردنی: حەمزە بەرزنجی.

١٦- تێگەیشتنو وئیجتیهاد لە جیهاددا، نوسینی: د.عبدالله عزام، وەرگێڕانی: هەورامان گەچێنەیی.

١٧- بەرگریكردن لەخاكی مسوڵمانان گرنگترین فەریزەی سەرشانی مسوڵمانانە، نوسینی: د.عبدالله عزام، وەرگێڕانی: ابو صفوان.

١٨- یاساو ئادابەكانی تێكۆشان، نوسینی: د.عبدالله عزام، وەرگێڕانی: م. عبدالهادی عبداللطيف.

١٩- منارەی ونبو، نوسینی: د.عبدالله عزام، وەرگێڕانی: كاروان محمد ڕەشید.

٢٠- چۆن خەونەكانت لێك دەدەیتەوە لەژێر ڕوانگەی قورئان و سونەتدا، نوسینی: خالید علی العنبری، وەرگێڕانی: كاروان ڕەشید.

٢١- پەیامێكی دڵسۆزانە، هێمن عبدالجبار.

٢٢- كاریگەری بیروباوەڕ لەپەروەردەی نەوەی نوێدا، نوسینی: د.عبدالله عزام، وەرگێڕانی: ناصیح مەجید ئەحمەد.

٢٣- زەوق و سەلیقە، نوسینی: ئەندازیار عوسمان.

٢٤- ڕاچڵەکاندنی ڕۆحە تەمو مژدارەکان، حەمەڕەشید پێنجوێنی.

٢٥- ژیان وای فێرکردم، دکتۆر مصطفی سباعی، وەرگێڕانی: حەمە ڕەوف محمد.

٢٦- مەلا عبدالرحمن خەراجیانی، ئامادەکردنی: سەرداری مەلا عبدالرحمن، نۆبەی چاپ: یەکەم،٢٠١٦.

***

بۆ دەستکەوتنی نوێترین ئەو کتێبانەی دەکرێن بە pdf سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە

www.kurdishbook.tk



## ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٧ | پێشەکی |
| ١٢ | یەکەم: سەدەی بیستویەک سەدەی ئاینە |
| ٢٢ | دووەم: شارستانێتیەکان کاتی جێگۆڕکێ کردنیان هاتووە |
| ٢٥ | سێیەم: ئەزموونەکانی تر هەموو شکستیان هێناوەو بەدیل ئەخوازن |
| ٥٦ | چوارەم: ئەزموونە ئیسلامیەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە دونیادا |
| ٦٨ | پێنجەم: خەڵکی هەموو تینوون بۆ ئیسلام و پێویستیان پێی هەیە |
| ٧١ | شەشەم: ڕاستی ئیسلام و موعجیزەکانی قورئان و حەدیس بەردەوام دەرئەکەون |
| ٧٤ | حەوتەم: موسڵمان بوون بۆتە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش |
| ٧٧ | هەشتەم هەشتەم: خوای گەورە خاوەنی ئەم دینەیەو بەردەوام برەوی پێ ئەدات |
| ٨٢ | نۆیەم: خوای گەورە وادە و مژدە ئەدات بە خەڵکی کە داهاتوو هی ئیسلامە |
| ٨٦ | دەیەم: پێغەمبەریش ﷺ ئەو مژدانە ڕوونتر دوپات ئەکاتەوە |
| ٩٥ | وتەی کۆتایی |
| ٩٧ | سەرچاوەکان |

* فمن طبيعة المنهج الذي يرسمه هذا الدين، ومن حاجة البشرية إلى هذا المنهج، نستمد نحن يقيننا الذي لا يتزعزع، في أن المستقبل لهذا الدين، وان له دورا في هذه الأرض هو مدعو لأدائه - أراد أعداؤه كلهم أم لم يريدوا - وان دوره هذا المرتقب لا تملك عقيدة أخرى- كما لا يملك منهج آخر- أن يؤديه. وأن البشرية بجملتها لا تملك أن تستغني طويلا عنه.

* لابد للأمة من ميلاد ولابد للميلاد من مخاض ولابد للمخاض من آلام.

سيد قطب